خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

پاشکۆی گۆڤاری باران

# ئومێدی خۆرەتاوی من!

## نامەکانی ئەحمەدی شاملو بۆ سامانی کوڕی

سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

کردویە بەکوردی

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 113 )

ناوی کتێب: ئومێدی خۆرەتاوی من!
نامەکانی ئەحمەدی شاملو بۆ سامانی کوڕی
وەرگێڕانی: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
دیزاین: ئومێد محەمەد
تیراژ: 800 دانە
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 1500 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

# پێرست


نامەی ئەحمەدی شاملو.........................................................1 حوزەیرانی 1973
نامەی ئەحمەدی شاملو........................................................24 نیسانی 1974
کارتی سامان شاملو.............................................................16 ئایاری 1974
نامەی ئەحمەدی شاملو....................................................... 2 حوزەیرانی 1974
کارتی سامان شاملو...........................................................7 حوزەیرانی 1974
نامەی ئەحمەدی شاملو..................................................... 1 تەمموزی 1974
کارتی سامان شاملو.........................................................16 تشرینی دووەمی 1974
کارتی ئەحمەدی شاملو........................................................................ 1974
کارتی سامان شاملو.........................................................26 کانونی یەکەمی 1974
کارتی سامان شاملو........................................................ 1 کانونی دووەمی 1975
نامەی ئەحمەدی شاملو...................................................... 19 شوباتی 1975
کارتی سامان شاملو........................................................... 12 مارسی 1975
کارتی سامان شاملو............................................................23 مارسی 1975
کارتی سامان شاملو...........................................................4 حوزەیرانی 1975
کارتی سامان شاملو.........................................................12 حوزەیرانی 1975
نامەی ئەحمەد شاملو....................................................... 5 تەمموزی 1975
کارتی سامان شاملو......................................................... 6 تەمموزی 1975
کارتی سامان شاملو............................................................. 4 ئابی 1975
کارتی سامان شاملو............................................................. 7 ئابی 1975
کارتی سامان شاملو............................................................ 14 ئابی 1975
کارتی ئەحمەدی شاملو..................................................................... 1976
نامەی ئەحمەدی شاملو................................................ 2 تشرینی یەکەمی 1976
کارتی سامان شاملو...................................................... 2 تشرینی دووەمی 1976
کارتی سامان شاملو.......................................................21 تشرینی دووەمی 1976

نامەی سامان شاملو.................................................... 14 مارسی 1977
نامەی ئەحمەدی شاملو.................................................. مارسی 1977
نامەی سامان شاملو........... ..........................................3 نیسانی 1977
کارتی سامان شاملو.................................................... 12 نیسانی 1977
کارتی سامان شاملو..................................................... 22 ئایاری 1977
نامەی ئەحمەدی شاملو.................................................. 28 ئایاری 1977
نامەی سامان شاملو..................................................13 حوزەیرانی 1977
نامەی سامان شاملو..................................................27 حوزەیرانی 1977
نامەی سامان شاملو................................................ 31 تەمموزی 1977
نامەی سامان شاملو..................................................... 24 ئابی 1977
کارتی سامان شاملو..................................................... 30 ئابی 1977
کارتی سامان شاملو................................................. 10 ئەیلولی 1977
نامەی سامان شاملو................................................. 22 ئەیلولی 1977
کارتی ئەحمەدی شاملو................................... 4 تشرینی یەکەمی 1977
کارتی سامان شاملو.................................... 10 تشرینی یەکەمی 1977
نامەی ئەحمەدی شاملو................................ 13 کانونی دووەمی 1978
نامەی ئەحمەدی شاملو.............................................. 16 شوباتی 1978
نامەی سامان شاملو.................................................. 26 شوباتی 1978
نامەی ساقی شاملو...................................................... 8 مارسی 1978
نامەی سامان شاملو.................................................. 24 نیسانی 1978
کارتی سامان شاملو...................................................... 24 ئابی 1978
کارتی سامان شاملو.................................................... هاوینی 1979
کارتی سامان شاملو.......................................27 تشرینی دووەمی 1981
کارتی سامان شاملو....................................................... 15 ئابی 1983
کارتی سامان شاملو................................................ 20 تەمموزی 1998

**پێشەکی:**

مانگی ئابی 2008 لە دوای چەندین ساڵ براکان کۆبوونەوە، سیاوەش، سیروس و سامان، لە مالێکدا کە ئیتر باوکیان لەو ماڵەدا نەمابوو، تەنیا دەنگی باوکیان بوو لەگەڵ هاوڕێیان و خۆشەویستانی شاملو لە شەقامەکانی گوند و حەوشەی ماڵێك، کە دەنگی هەنگاوەکانیان تینی گەرمای گۆڕیبوو بۆ خوڕە خوڕی جۆگەلەی بەهارێك لە سایەو سێبەری درەختاندا.

سامان چەندین ساڵ خوێندکاری نایاب بوو، کە دیپلۆمی بەدەستهێنا، ساڵی 1974 بۆ درێژەپێدانی خوێندن چوو بۆ بەریتانیا. ئەو نامەو کارت و وێنانەی کە دەینارد، هەڵمدەگرت.

سامان و ساقی م ساڵی 1980 لە لەندەن بینیبوو، دواى بیست ساڵ و ساڵی 2000 سامانم لە دوای مردنی شاملو لە گوندی .....بینییەوە، دیدارێکی کورت بوو، سامان رۆیشتەوە.

رۆژگارێکی سەیرو ناخۆش دەستیپێکرد...

لە هاوینی 2009 جارێکی دیکە سامان هاتەوە بۆ ئێران، بەڵام ئەمجارە سیاوەشی برای لەژیاندا نەمابوو، زەمەن و رۆژگارێکی ناخۆشمان بەڕێکرد.

چەند رۆژێك بوو.... بە یادی ئەو ڕۆژانە. پێکەوە سەیری ئەو وێنەو کارتانەمان دەکرد کە ناردبووی.

سامان بەر لە ڕۆیشتنی بەندێك لە نامەکانی باوکی پێسپاردم. وتی هەرچۆنێك ویستت... نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر بۆم نوسی کە نامەکانی تۆ و باوکتم سپاردووە بە دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە. ناونیشانی کۆمەڵە نامەکەی پەسەندکردو خستمانە نێو پرۆسەی قۆناغەکانی کارکردنەوە.

وادێتە بەرچاو کە یەك یان دوو نامەی سامان لەم کۆمەڵە نامەیەدا نییە. نامەیەکی ساقیشم لابوو، کە هی ئەو ڕۆژانـە بوو لای سامان دەژیـا، بۆ پەیوەستکردنی ڕووداوەکـان، ئەم نامەیەش لەم کۆمەڵە نامەیەدا هاتووە. بۆ نیشاندانەوەی پەیوەندی ئەحمەدی شاملو و کوڕەکەی، نامەکانی هەردووکیان، باوك و کوڕ، بەپێی مێژووی نوسینیان بڵاودەکەینەوە.

**ئایدا**

**ماڵی بامداد**

**2015/7/15**

**تاران**

**1 حوزەیرانی 1973**

**ئومێدی خۆرەتاوی من!**

ئەگەر تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووین نامەت بۆ بنوسین دوو هۆکاری هەبووە. یەکێکیان ئەوەبوو کە دەستی بەدەستیمان دەکرد تا پارە بگات و لەگەڵ نامەکەدا بە جارێك بۆت بنێرین، دووەمیشیان راستییەکەی ئەوە بوو کارە زۆرەکانم دەرفەتی نەدەدا. هەڵبەتە نامەنوسین بۆ تۆ لە هەموو کارێك پێویستترە، بەڵام دەمزانی و دەزانم کە حاڵت باشەو نیگەران نیت و لەتەنگانەشدا - تا ناوەڕاستی هەفتە کە ئەمڕۆ هەینییە- نەبووی، یان نیت. جگە لەمانەش، ئەگەرچی ئیش و کار دەرفەتی نامەنوسین نادات، کارو مژوڵیش چاوی لەسەر هەمان بابەتە، واتە ئاسایشی خێزان و ئاسایشی تۆ کە دووری لێمانەوە....

بە هەرحاڵ ئومێدەوارم ئەو ناسینە تەواوەتیەی کە بۆ رۆحیەتیش هەمانە نەبێتە ئاستەنگی هەندێك لە مەسەلەکان. یەکێکیان ئەوەی کە وا بیرنەکەیتەوە ئەگەر پێویستییەکت هەبوو لە حاڵەتێکدا کە بۆم بنوسی، یان تەلگراف بکەی، نارەحەت دەبم. ئەوی تریشیان نەوەکو بەم بۆچونەی کە ((باشە، باوکم هەر کاتێك هەیبێت خۆی بۆم دەنێرێ)) لە تەنگەژەدا بمێنیتەوەو بیربکەیتەوە، رەنگە نامەکەت ببێتە مایەی نیگەرانیم. داوات لێدەکەم ئەم نیگەرانیەی خەیاڵم نەهێڵیت و هەمیشە هەفتەیەك بەرلەوەی بکەویتە سەرساجی عەلی تەلەگرافێکی کورتم بۆ بنێرە- هەڵبەتە بۆ ناونیشانی ئەکادیمیای زمان و لە تەلەفۆن کردن بۆ ناونیشانەکەش دەستبگرەرەوە.

پێموایە بە گەیشتنی ئەم نامەیە پارەکەشت پێگەیشتبێت.
باشە کوڕم، دەزانی کە نەبوونت بۆ ئێمە هەمیشە دیارو هەستپێکراوە. خۆشبەختانە سیروس هاتووە بۆلامان و جێگەی خاڵی تۆی پڕکردۆتەوە. زۆر کاردەکات و هیواخوازە تا مانگێکی دیکە شانۆنامەیەکی برێخت دەربهێنێت. چاپی سێیەمی کتێبەکەی منیش تەواو بووە کە بەم زووانە بۆت دەنێرم. ئومێدەوارم لە ژینگەی لەندەن خۆشت بەسەر بردبێت و توانیبێتت کۆمەڵێك هاوڕێی باش بۆخۆت پەیدا بکەیت. نازانم سەر لە ئانوشکا دەدەیت، ئەوان دێن بۆ لات یان نا.
ئەگەر شتێکت لێرە پێویست بوو بینوسە تا لەڕێی (ئێران ئێر)ەوە بۆت بنێرین- هەستدەکەم لە باڵوێزخانەی ئێران لەوێ هەندێ هاوڕێم هەبێت. لە نامەی داهاتوودا بۆت دەنوسم. بابەتێك کە هەر دەبێت بۆت بنوسم ئەمەیە کە تۆ هەرگیز چاوەڕێ مەبە کە هەموو جارێك من وەڵامی نامەکەت بدەمەوە تا تۆ وەربیگری نامەیەکی دیکەم بۆ بنوسی. بەردەوام من لە پرۆسەی ژیانتا بهێڵەرەوە. ئایشکا[1] ماچت دەکات و بۆخۆی بەجیا نامەیەکت بۆ دەنوسێ. سیروس و مناڵەکان هەموو باشن و هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازن. خوداحافیزیت لێدەکەم و دنیایەك ماچت دەکەم.

باوکت

1- ئایدا

**تاران**

**چوارشەممە 24 نیسانی 1974**

**کاکە باشەکەم**

زۆر دەمێکە نامەم بۆ نەنوسیویت. هۆکارەکەی چەند شتێکە: یەکێکیان ئەوەی کە نامە نوسین بۆمن کەم تا زۆر حەجولئەکبرە. دوو هەزار لاپەڕە بخوێنمەوەو دوو هەزار لاپەڕە بنوسم، بەڵام یەك لاپەڕە نامە نەنوسم!- هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە لە راستیدا هیچ شتێکم نییە بۆ نوسین. سڵاو و بەس. ئەمەش بابەتێکی ئەوتۆ نییە. لە هەرکوێ بم و هەرکوێیەك تۆی لێبیت نەك تەنیا سڵاوم، کە سەلامەتیم و ژیانم هۆکارەکەی ئێوەن. لە بیرتە لە لەندەن لە بارەی چوونە نەخۆشخانەو چارەسەرکردن، چیت پێوتم؟

باشە، لە هەمانکاتدا هەمیشە بۆ نامەنوسین بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕام کە بە داخەوە دەستگیرم نەدەبوو. زانکۆ، ئەکادیمیاو کارەکانی خۆم بەڕاستی دەرفەت نادات، لەلایەکەوە هێشتا ماندوویەتی بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە بەتەواوی نەڕەویوەتەوەو ناتوانم بەرگەی ماندوویەتی زۆر بگرم. ئەمڕۆ حاڵم تا رادەیەك باشترەو بە دۆخی باش هەست بە باشی دەکەم و دەستبەجێ دەستمکرد بە نامەنوسین.

هۆیەکی دیکەی نامە نەنوسینیشم ئەوەیە کە مرۆڤ، زیاتر ئەوکاتە نامە دەنوسێت کە خەیاڵی نیگەران بێ و من هەرگیز و هیچ کاتێك خەیاڵم لەبارەی تۆوە نیگەران نەبووەو نییە.

بەپێی هەموو ئەم قسانە نامەنوسینی تۆ هیچ هۆیەکی نییە. واتە ئەگەر من نەتوانم نامەت بۆ بنوسم، تۆ نابێت لە ناردنی نامە درێغی بکەیت و لانیکەم دوو هەفتە جارێك دەبێت کارتی پیرۆزباییم بۆ بنێریت. پێم وتبویت و تەنانەت داواشم لێکردبوویت کە هەر کاتێك زانیت حسابی دارایت هاتە کزی هەفتەیەك پێش ئەوە ئاگادارم بکەرەوە. تا ئێستا کە ئەم کارەت نەکردووە (وەکو ئەمەی کە پێویستت نەبووە)، بەڵام ماوەیەك لەمەوپێش لە رۆژنامەکاندا خوێندمانەوە کە ژیان لەوێ چەند دەر سەد پەرەیسەندووە. لەم دواییانەدا دڵم بۆ تۆ نیگەرانە کە ناکا بێ پارە بووبیت و ڕووت نەیەت کە بۆم بنوسی. ئەگەر وابێت بەڕاستی لێت زویرم. بابەتێکی دیکە کە هیچ کات روونت نەکردۆتەوە ئەمەیە کە بە وردی خەرجی و تێچووی تۆ لەوێ چەندە. هەر ئێستا ئەمانە لای خۆت هەڵگرەو بۆم بنوسە. جارێك نوسیت، بەڵام کۆی گشتی لە وردەکارییەکانی خەرجیدا پانزە بیست پاوەند کەمتر بوو.

به کورتییەکەی سەرم لێدەرنەکرد- بیرت نەچێ ئازیزم. ئەم خاڵە هەمیشە هۆکاری خەیاڵی منە.
ئەگەر لە تاران شتێکت پێویستە بینوسە، بۆت بنێرین. دوایین کتێبەکانی خۆمت بۆ ڕەوانە دەکەم. پێویستیەکانت رونبکەرەوەو بەتایبەت لەباری دارایت هەرچی زووترە ئاگادارم بکەرەوە. من ئیتر ماڵئاواییت لێدەکەم و روخسارە جوانەکەت ماچ دەکەم. پورە سودابە لێرەیەو چاوت ماچ دەکات.
بیرت نەچێت کە لێرە بەدواوە لانیکەم هەفتەی کارتێکم بۆ بنێرە!

باوکت

**سامی گیان سڵاو**

ئومێدەوارم تەندروستیت باش بێت و خۆش بی. خۆشحاڵم کە سەرگەرمی خوێندنی. ئێمە هەموو باشین. ئەگەر شتێکی تایبەتت لێرە دەوێت بینوسە، بۆت بنێرین. قوربانتبم ئایدا. سودی گیان سەلامت لێدەکات.

**پێنج شەممە 16 ئایاری 1974**

**بابە و ئایدای ئازیزم**

ئومێدەوارم کە تەندروستیتان زۆرباش بێت. منیش باش و سەلامەتم. سەرگەرمی کۆششکردن و خۆئامادەکردنم بۆ تاقیکردنەوەکانم کە دوو هەفتەی تر دەستپێدەکات و تا کۆتایی حوزەیران واتە مانگێکی دیکە تەواو دەبێت و پشوەکانی هاوینەم دەستپێدەکات. لەراستیدا دووبارە سەرقاڵی گواستنەوەی ماڵەکەمم بۆ شوێنێکی دیکە، چونکە خاوەن ماڵەکەم ناچاربوو کە ماڵی بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی لەندەن. هەڵبەتە نیازم وایە بۆ ماوەیەك لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانم بژیم تا دەوامی کۆلێژەکەم تەواو دەبێت. تا چەند رۆژێکی دیکە نامەیەکتان بۆ دەنوسم تا ناونیشانی تازەمتان پێ رابگەیەنم. لەباتی من چاوی سیروس و هەموویان ماچ بکەن.

قوربانتان بم

سامان

**تاران**

**یەکشەممە 2 حوزەیرانی 1974**

**جولەکە سەرگەردانە ئازیزەکەم**

ئەوەندە ماڵت گۆڕیوە ناکرێ ناوێکی ترت لێ بنرێ. هیچ ئارەزوویەکم نییە جگە لەوەی کە تەندروستیت باش و خەیاڵت ئاسودەو مێشکت ئارام بێت. لە کارەکەتدا سەرکەوتن بەدەستبهێنی و پشتیوانی رۆحی باوکت بیت کە ئومێدی ئەویت و دەزانیت کە باوەڕو دادوەری چۆنە دەربارەت. لە هەمانکاتدا حەزدەکەم بەراستی دنیا شارەزابیت و بەچاوێکی کراوەو ئەقڵێکی ساغەوە بڕوانیتە مەسەلەکان و لە کاتێکدا کە لەرووی جەستەیی و روحییەوە لاوییەتی و (تەنانەت منالی) خۆشت بپارێزی و چێژ لەو ژیانە کورتە ببینی کە ئادەمیزاد لەم چوار سپێدەیەی تەمەنی خۆیدا هەیەتی و هەموو سەعاتێکی ژیانت دەسکەوتێکی دۆزراوە بەدەستبهێنیت، لەرووی فیکرو مەعریفەوە هەموو سەعاتێك پیرترو دنیا دیدەتر بیت - دڵم بێ ئۆقرەیە حەزدەکەم کە ئەم داوایەم قبوڵ بکەیت و هەوڵبدەیت کە بەمجۆرە بێت، حەزدەکەم هەموو شتێك بزانی، دەرك بەهەموو شتێك بکەیت و ئەو شتەش بیت کە بە داخەوە من نەمتوانی ببم، باری دارایی باوکم رێگەی نەدا بە دوایدا بچم.- هەڵبەتە نەك تەنیا باری دارایی، بەڵکو بیروباوەڕیش. چونکە لەراستیدا تەنیا ئەوە بەس بوو کە ئەو

هەنگاوێکی کورت لە ڕێبازی فیکری من هەڵبگرێ تا من بەوپەڕی ناخی خۆمەوە لەو ڕێبازە بازبدەم.
من خۆم ئەم بەدبەختیەم کێشاوەو هەربۆیە چاوەڕێم تۆ تەنیا دەمت بکەیتەوەو ویستت بۆ زانین و تێگەیشتن دەربڕی تا من بەوپەڕی توانامەوە لەڕێی وەدیهاتنیدا تێبکۆشم، تا لە ئاوو ئاگر بدەم و کەرەستەکانی بەرزکردنەوەی ئیرادەت بۆ ئامادە بکەم. خۆشبەختانە ئایداش لەم خاڵەدا (وەکو هەر خاڵێکی دیکە) لەگەڵمدا هاوباوەڕ و هاوڕێیە و ئەمەی بە کرداری سەلماندووە، چەندین جارو چەندین جار، بۆ نمونە ئەو دەیتوانی بە فلان پارەی گەیشتوو مانگێك زیاتر لە ئەوروپا بگەڕێت، بەڵام بەبێ ئەوەی کە راوێژ بەمن بکات وای پێباش بوو کە نەختینەی (ئەو پارەیەی کە هەیە) بخاتە سەر حسابەکەی تۆ- هەڵبەتە خەرجی چوار قڕان بۆ تۆ تەنانەت نەدەبوایە باسیشبکرێت، بەڵام دەکرێت وەکو نمونەیەکی باش باسبکرێ. تەنانەت هەستدەکەم نمونەیەکی درەوشاوەش بێ. بە قەولە بەناوبانگەکە! مشتێك نمونەی خەروارێکە.
هاوەڵی خەم. لێرە ئێمە هەموو گوێڕایەڵی فەرمانتین. بۆ جلوبەرگ و پێڵاو و ئەم شتانە دەبێت ئەندازەی تەواو بنێریت تا ئامادەی بکەین و بینێرین یان ئەگەر لەوێ ئامادەی دەکەیت، بەبێ شەرمکردن ( بەبێ لەڕوودامان، بەبێ ئەوەی بیربکەیتەوە گوشارت لەسەرە) بنوسە. لەم بارەیەوە خەیاڵت بەتەواوی ئاسودە

بێت. لەڕووی داراییەوە بگرەو بەردەمان نییەو خۆشبەختانە دەستمان تەنگ نییە. ژمارەکەت بنێرە ئامادەی بکەم. چ کتێبێکت دەوێ؟ بینوسە.
تاکە شتێك کە هەندێك جار نیگەرانم دەکات و دەترسم دەستت بەشتێکەوە بلکێ، مەسەلەی ئەم کچە ناپاك و زۆڵانەیە. هاوڕێ، ئاگاداربە کڵاوت لەسەر نەنێن و کتوپڕ نەکەویتە داویانەوە. تا ئەوکاتەی ئـازادی هەموو.....دنیان. ئازادیت بەهیچ بەهایەك لەدنیادا مەفرۆشە! نەوەکو نەوەکو گیرۆدە بیت. ئەگەر بتەوێت بۆ پشووەکان سەرێك لە پاریس (بۆ نموونە لای ئیرەج) بدەیت. خەرجیت بنوسە، چەند دەکات.
ئیتر کاتت ناگرم. بەردەوام کارت بنێرە و بێ خەبەرم مەکە.
ماچت دەکەم

لەدوای نامەکە:
سەرنج بدە ئەگەر کتوپڕ هەواڵی ناخۆش لەتۆوە بەمن بگات، توانای بەرگەگرتنیم نابێت! تەنیا ئەمەت لەبیر بێت. دوێنێ هەواڵ هات کە کوڕی یەکێك لە هاوڕێکانم بە کارەساتی ئۆتۆمبێل کوژراوە. تەنیا بیر لە دڵی پیری من بکەرەوە. دەزانم کە نوسینی ئەم بابەتانە بۆ تۆ زیادەیە، بەڵام دڵم تاقەتی نییە کە باسی نەکەم.

**هەینی 7 حوزەیرانی 1974**

**خۆشەویستانم، سڵاو**

ئومێدەوارم چاك و باش بن و كاروبارەكان هەموو بەپێی مەبەست و ئارەزوو بن. حاڵی منیش باشە، چونكە لە هەفتەی ئایندەوە تاقیكردنەوەكان دەستپێدەكەن، سەرقاڵی كۆششكردنم. لە كۆتایی ئەم مانگەوە پشوی هاوینە دەستپێدەكات. پێم خراپ نییە ئەگەر كات هەڵبەتە نەك لەرووی مەعنەوییەوە گونجاو بێت بەسەفەر بێمەوە بۆ ئێران و دیدارێك تازە بكەمەوە. راستییەكەی ئەگەر توانیتان كتێبی ((حافز))تانم بۆ بنێرن. چاوی یەكە بەیەكەتان ماچ دەكەم.

قوربانی هەمووتانبم

سامان

**تاران**

**دووشەممە 1 تەممووزی 1974**

**سامانە بێ هاوتاکەم**

نامەکەت گەیشت و ماوەیەکی زۆر بوو کە بەم ئەندازەیە لە شتێك خۆشحاڵ نەبووبووم. بەتەنیا خوێندنەوەی دەستمکرد بە نوسینی وەڵامەکەی. لەبەرئەوەی ترسام کە ئەگەر تێڕابمێنم و قوڵ ببمەوە کات بڕوات و پەشیمانی بێتەئاراوە. مەسەلەی هاتنەوەت دەڵێم.

ئازیزم بەهەمان شێوەی کە هەمیشە وتومە و بۆم نوسیویت، داوات لێدەکەم ئەمەندە بۆ مەسەلە مادییەکان نیگەران مەبە. بەردەوام ترس لەمەی کە ئەمەندە دەبێت و ئەوەندە دەبێت، گاڵتەجاڕییە. من لەلای خۆمەوە لە بیرمە کە بۆم نوسیبووی ئەگەر لە خەیاڵتایە لە رۆژانی پشووی کۆلێژدا گەشتێك بۆ ئەورووپا بکەیت، پارەت بۆ ئامادە بکەم و بۆت بنێرم. مەگەر نەمنوسی؟ بەڵکو چۆن خەیاڵی نوسینی ئەم بابەتەم هەبووە خەیاڵ دەکەم نوسیومە؟ بەهەرحاڵ، ئەگەر لە پێنوسیش کەوتبێت ئێستا دووبارە دەینوسمەوە. یەکەم بەهیچ شێوەیەك حەزناکەم لەهیچ لایەکەوە دینارێك پارەت بۆ بنێرن. ئەگەر پارەت کەمە تکادەکەم بینوسە تا زیاتر بنێرین. ئەمەی کە دەینێرین بڕێکە کە خۆت دیاریتکردووە، مەبەستم لەمەیە کە گەشتێك بۆ ئەورووپا بکەیت، بۆنموونە

لەگەڵ هاوڕێیانی وەك ئیرەج ئەمین شەهیدی بەوردی ئەمەبوو کە یەکەم خەمی غوربەت (مەنفا) بە سۆراغت نەیەت، دووەم لەماوەی پشووی کۆلێژدا دەستبەتاڵ نەبیت، لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە بیرۆکەی هاتنەوە بۆ ئێرە نەیەت بەخەیاڵتدا. دڵم گەواهیەکی باش نادات. هاتنەوەت بە جۆرێك بوو کە نەتتوانی بگەڕێیتەوە، یان نەهێڵن بگەڕێیتەوە. چ متمانەیەکت هەیە؟ چ ئاسایشێك هەیە؟ وێڕای هەموو ئەوانەش لێرە هیچ شتێك نەگۆڕاوە کە ئەوەندە سەرنجراکێش بێت. هەروەها خەڵکی گیرۆدەی نان و گۆشتی رۆژانەن، هەروەها بڕانی کارەبا مرۆڤ دوادەخات و ئاغای.... و خاتوو.... لە تەمەنی پەنجاساڵیدا خەریکی تەڵاق و تەڵاق کارین. هەر ئەوەو بەس.

ئەگەر نا دەهاتی و دڵی منیش بە بینینت رووندەبوەوە. چ شتێك لەمە باشتر بوو؟ بەڵام-بیربکەرەوە کە تۆ تەواوی ئەم ساڵە سەرقاڵی خوێندن بووی. لە راستیدا لە بەریتانیاش جگە لە مەودای نێوان ماڵ و خوێندنگەکەت شوێنێکی دیکەت نەبینیوە. دەتوانی گەشتێك بە بەریتانیادا بکەیت. سەرێك لە سکۆتلەندا و وێڵز و شوێنەکانی دیکە بدەیت. خەڵك و دنیا ببینی و بگەڕێی. دەتوانی بڕۆیت بۆ ئەوروپا و پاریس و ڕۆما و شوێنەکانی دیکە ببینی. گریمان هاتیتە تاران و یەك دوو مانگیش هەمان ئەو شوێنانەت بینییەوە. هەست ناکەم زۆر بەکەڵك بێت، بەتایبەتی هەروەکو وتم، رەنگە دۆخەکەشت بکەوێتە مەترسییەوە.

دایکیشت ئەگەر پول و پلەیەکی پێگەیشتبێ بۆخۆی دەستکورترە. تۆ بۆ

خەرجیەکانت نابێت نیگەران بیت. بەتایبەتیش دووبارە داوات لێدەکەم جارێك بە خەرجیەکانی ژیانتدا بچۆرەوەو دروست و ورد بۆمان بنوسە، کە ئەگەر کەم و کورِییەکت هەیە با دابینی بکەین. ئەمە زیاتر بۆخۆت دەڵێم کە دواتر توشی هەندێك ئیشی دزێو نەبیت. بە جدی مەهێڵە لەم لاو لاوە پارەت بۆ بنێرن و لە حاڵەتێکدا کە بەراستی پێویستت بوو راستەوخۆ بینوسە. چەند پاوەندێك کەمتر یان زیاتر هیچ لەدۆخی ئێمە ناگۆڕێت؟

لەمە زیاتر هیچم نییە بینوسم. دەستت دەگوشم و چاوت ماچ دەکەم و مەمنونم کە نامەیەکت بەم هەموو خۆشەویستییەوە بۆ ئێمە نوسیوە. هەرچی زووترە بڕیاری خۆت رابگەیەنە و دیسانەوە دووپاتی دەکەمەوە: نیگەرانی مەسەلە مادییەکان مەبە. ئەگەر بڕیارتدا بۆ گەڕان لە ئەوروپا نامەیەك بۆ ئیرەج بنوسە کە بەرنامەیەکی هاوبەش رێکبخات، هەڵبەتە ئەگەر حەزت لێبوو، هەروەها ئەگەر دڵنیاشی کە هاتنت بۆ ئێران مەترسی نابێت کە کتوپڕ نەتتوانی بگەڕێیتەوە، دیسانەوە مەیلی خۆتە. لە هەمانکاتدا کوڕەکەم هەر بریارێکی کە دەیدەی خەرجیەکەشی دەستبەجێ رابگەیەنە تا بینێرین و کاتی پشوەکەت بەبەلاش نەڕوات. بەوەی دنیایەك هەستی سەربەرزی دەردەبڕی. سوپاستدەکەم.

باوکت

**شەممە 16 تشرینی دووەمی 1974**

**ئایدای ئازیز و باوکە باشەکەم**

ئومێدەوارم کە سەلامەت و باش بن. ئێستا من زۆرباش و سەرقاڵم. دوو یان سێ هەفتەی دیکە پشوەکانی سەری ساڵ دەستپێدەکات و کۆلێژ نزیکەی دوو هەفتە دادەخرێت و دوای ئەوە تاقیکردنەوەکانی کۆرسی یەکەم دەستپێدەکات. ئیتر هەوای ئێرە سارد بووەو بەردەوام باران دەبارێت، بەڵام خۆشبەختانە ماڵەکەم نزیك کۆلێژە و جێگەی نیگەرانی نییە. شوێنەکەم زۆر خۆش و گونجاوەو هیچ کەموکوڕییەکم نییە، لە زمانی منەوە سیروس ماچ بکەن و سڵاوم بە هەموو لایەك بگەیەنن.

قوربانتان بم

سامان

**سامانه نازدارەکەم**[1]

ماوەیەکی زۆرە کە دەمەوێ نامەیەکت بۆ بنوسم. بەداخەوە ئەوەندە ئیشم بەسەردا کەوتووە کە ئیدی دڵم لە کاغەزو پێنوس بەیەکادێت. نامەکانت دەگەن و خۆشحاڵم کە ئاسودەیت و کەموکوڕیت نییە، جا ئەگەر هەتبێت و لەبەر من نەیڵێیت ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. نازانم دەچیت بۆ سەفەر یان نا. هەرچۆنێك بووە هەوڵدەدەین پارەی ئەم مانگەت زووتر بۆ بنێرین کە ئەگەر خەرجی سەفەرت هەیە دوانەکەویت و هەروەها کەموکوڕییەکەشی قەرەبوو بکەینەوە، هەموو سەلامەتن و رووی مانگت ماچدەکەن. ئایشکا سڵاوت لێدەکات. تا نامەیەکی تێروتەسەلت بۆ بنوسم.

باوکت

---

1- رەنگە مێژووی ئەم کارتە بگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1974

**پێنج شەممە 26 کانونی یەکەمی 1974**

**باوکی ئازیز و ئایدای باشم**

دوو رۆژە لە ئەمستردامم. بە کەشتی لە کەناڵەوە تێپەڕین و بە ئۆتۆمبێلی یەکێك لە هاوڕێیان کە لە ئەمستردام دەژی تا ئەوێی بردین. شارەکە بەراستی قەشەنگە و خەڵکەکەی باشن. ئەمڕۆ لەگەڵ گروپی گەشتیاریدا بەشاردا گەڕاین و قەشەنگترین کەناڵەکانی ئەم شارەمان بە کەشتی بینی. تا دوو رۆژی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ لەندەن.

قوربانی هەمووتانم

سامان

**چوارشەممە 1 کانونی دووەمی 1975**

**باوکە، ئایدای باش، سڵاو.**

ئەو کارتەی کە ناردبوتان وەرمگرت. خۆشحاڵم بەسەلامەتی هەمووان و جێبەجێبوونی دۆخە گشتییەکان. دوێنێ لە سەفەری هۆڵەندا گەڕامەوە. سەفەرێکی زۆر خۆش بوو، ئەو شارانەی کە چووین لە قەشەنگترین ئەو ناوچانە بوون کە لە تەمەنمدا بینومن. کەمێك لە رێگەی جادە لامانداو کەناراوەکانی بەلژیکاو چەندین بەندەری فەڕەنسامان بینی. ئاووهەوا زۆر خۆش و ئارام بوو. رۆژێکیش بۆ یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری ئەمستردام چووین. گوندەکە لە جوانی و خاوێنیدا رێك وەکو کەلوپەلی یاری مکیانۆ بوو. رۆژێکیش چووین بۆ مۆزەخانە و نیگارەکانی ((رامبرانت)) و ((ڤانکوخ))مان بینی. جێگەی ئێوە خاڵی، خاڵی، خاڵی بوو. هەمووتان ماچ دەکەم.

سامان

**تاران**

**چوارشەممە 19 شوباتی 1975**

**کاکە زۆر باشەکەم**

ئـارەزووی گـەورەی هەمووممان سەلامەتی تۆیە. لەبارەی تـۆوە هیچ جۆرە نیگەرانییەکمان نییە، هیچ کاممان، دەشزانین کە باشتر لە هەرکەسێك دەرك بەمە دەکەیت و ئاگاداری تەندروستی خۆتی. بەرگەی دووریت دەگرین بەئومێدی بەختەوەری ئایندەت، هەر ئەو ئومێدەشە کە تواناو لوتبەرزیمان دەداتێ، کە کاتێ ناوت دێتە سەرزار سەرمان بەرزدەکەینەوە و چاومان بېریسکێتەوە.

لەسەرەتاکاندا لانیکەم هەر هەفتەیەك کارتێکت بۆ دەناردین، بەڵام ئەم دواییانە هیچ. تا ئەوەی کە نامەیەك لەتۆوە گەیشت. بەر لە گەیشتنی نامەکەتم بیست لە درێژەی ئەو نامەیەی بۆ دایکت لە بێ پارەیی ناڵاندبوت و هەڵبەتە لەم بارەیەوە نیگەرانم، لەبەرئەوەی بڕیارمان وابوو بۆ ئەم بابەتە تایبەتە تەنیا بگەڕێیتەوە بۆلای خۆم. رەنگە بیرت کردبێتەوە کە نەوەکو پارەم لەبەردەستدا نەبێت و نیگەران بم. دەزانم کە بڕوات وایە چەندێك پارە هەبێت پێویست بە نوسین و داواکردن ناکات. لەم بارەیەوە سوپاستدەکەم، بەڵام نازانم ئەمجارە چ شتێك لە مەسەلەکەدا هاتبوەپێش، چونکە لەگەڵ گەیشتنی کارتەکەت کە نوسیبوت بۆ جەژنی سەری ساڵا دەچم بۆ هۆڵەندا، پارەمان نارد. واتە بەشێوەیەکی سروشتی سیانزە بە سیانزە

دەماننارد و ئەوە مانگی دوو یان سێ بوو کە مانگانە نێردرا. بە هەر حاڵ، لەوەی کە بێ پارە بویت هەڵبەتە زیاتر نیگەران بووم تا مەسەلەکانی دیکە. و بێگومان لەم مانگەوە هەم هەوڵدەدەم زووتر پارە بنێرم  هەم هەتا بکرێت زیاتر بنێرم.
لە نامەکەتدا نوسیبوت کە نازانی بۆچی هەرکاتێ نامەیەکت لەمنەوە بۆ دێت نیگەران دەبیت.
راستیەکەی واهەستدەکەم دووبارە گیرۆدەی هەمان گومانەکانی پێشوو بوویت: واتە مەسەلەی هەستکردن بە تاوان لەبارەی ((داسەپاندن)) (!) و مەسەلەکانی دیکەش کە ماوەیەکی دوورودرێژە دەربارەیان پێکەوە گفتوگۆمان کردووەو من پێموابوو بەتەواوی قەناعەتت کردووەو ئەم بیرکردنەوانەت لەسەرت دوورخستۆتەوە، بەڵام ئێستا دەزانم کە هەڵەم کردبوو.-من ئەسڵەن ناتوانم تێبگەم چ شتێ تۆی دنەداوە کە مۆڵەتی ئەوجۆرە خەیاڵاتانە بەخۆت بدەیت. ئەگەر لە خێزانێکدا ژیابویتایە کە تەنانەت بۆجارێکیش لەسەراپای تەمەندا کەمترین بایەخی بە پارە بدایە لانیکەم لەسەدا پەنجا هەقم پێدەدای، بەڵام تۆ بۆ خۆت لەهەموو کەسێك باشتر دەزانیت، کە ئەگەرچی لەسەرەتادا ئامادەکردنی پارە هەندێك گرفت بوو، لانیکەم هەمیشە لەبارەی خەرجییەوە بەخشندەیی تەواو لەئارادا بووە. وێڕای هەموو ئەوانەش، ئێمە هەمیشە پێکەوە هاوڕێ و یەك دڵ بوین، کەواتە چ شتێك دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆ ئەمڕۆ لەسەر شتی هیچ و پوچ من لە رووی رۆحیەوە ئەشکەنجە بدەیت، بەم خەیاڵە لەراستیدا ئازاراویەی کە ئەگەر چوار قڕان لە مانگێکدا بۆ خوێندنی

تۆ دەنێردرێت هەزار جۆر منەت و بێ ئاکاری هاوشێوەی ئەوە لە بەرامبەردا لە ڕۆحمدا دێتەبوون- و ئەگەر هۆکاری نیگەرانی تۆ لە وەرگرتنی نامەکانی من ئەمە نییە، کەواتە بەراست دەکرێ چ شتێکی دیکەبێت؟ بۆچی دانانیشی هۆکاری ئەم نیگەرانییە خۆڕاییە شیبکەیتەوەو پەی پێبەری؟
ئەمانە نانوسم کە بێتاقەتت بکەم، بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەوە، بۆ ئەوە دەینوسم کە خەیاڵت لە هەموو شوێنێك ئاسودەبێت. تۆ سەرقاڵی خوێندنی و منیش وەکو نزیکترین هاوڕێی تۆ فەرمانبەرم کەرەستەکانی خوێندنت بە گوێرەی توانا فەراهەم بکەم. هەر ئەوەندەوبەس. مافی خۆت وەردەگری. چ نەخۆشییەکی نەحلەتی دەماغت وا لێدەکات بەردەوام لەمجۆرە بیرکردنەوە ڕۆمانسیە بێ مانایانە بخەیتە مێشکتەوەو خەیاڵی خۆت پەرێشان بکەیت و لە کارەکەت دوا بکەویت؟ دەبێت خۆت لەبیرت بێت کە کاتێك بابەتی کارکردنت خستەبەرباس من بە توندی دژی وەستامەوە. بیرت نەکردەوە بۆچی؟ مەگەر پێتوایە لێرە کەسێك قەرزت بۆدەکات یان شەو و ڕۆژ بۆ دوو فلس پارە کە دەبێت بۆت بنێردرێت کاری کەرانە دەکەین یان دەست لەم و لەو درێژ دەکەین؟- ئەمە چەندەمین جارە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم بابەتەت هێناوەتە گۆڕێ و من هەموو جارێ هەوڵمداوە بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەم خەیاڵە لە مێشکت دووربخەمەوە، بەڵام تۆ پێدەچێ نیازت وابێت تا دواهەمین ڕۆژی خوێندنت ئەم واز لەم بیرکردنەوانە نەهێنیت. لانیکەم دەتوانیت بیر لەمە بکەیتەوە کە ئەو جۆرە بۆچوونانە بۆمن تا چ ڕادەیەك قورس و تاڵە؟ هێدی هێدی خەریکە بیر لەمە دەکەمەوە کە تۆ تووشی جۆرە

نەخۆشییەکی دەماخ بووی، کە کاتێك نەتوانی نیگەرانی دیکە بۆخۆت بدۆزیتەوە لە قاچ و قولی منەوە دەئاڵێی! ئاخر بۆ ساتێك خۆت بخەرە شوێنی من: وای دابنێ کە تۆ کوڕەکەت ناردووە بخوێنێت و ئەویش بەردەوام بیر لەوە بکاتەوە، کە نەوەکو بووبێتە بار بەسەرتەوە. هەست بە ئازار دەکەیت یان نا؟ بەهەرحاڵ، بەسە ئیتر. بۆ دواهەمین جار داوات لێدەکەم ئەم بیرکردنەوە سەد دەر سەد منالانەیە فڕێبدەو لەباتی ئەم بیروبۆچوونانە جاربەجار داوای شتێك لە ئێمە بکە کە خۆشحاڵیمان قوڵتر بکەیتەوە- هەموو خۆشیان دەوێی پڕ بە دڵ. لە هیچ شتێك نیگەران مەبە.

بەڵام تۆ گەنجیت و تازە هەوەڵی ژیانتە. هەوڵبدە لەباتی ئەم بۆچوونە دنیا ئەزموون بکەیت.

دنیایەك شادبووین کە چوویت بۆ زانکۆ. دەزانم کاتت زۆر بۆ نامێنێتەوە، بەڵام چەندەم پێخۆشە لە نامەکانتدا شادی و چێژەکانی ژیانتم بۆ بنوسی و بۆئەوەی بەدرۆت نەخەمەوە، بەراستی هەوڵبدە کە هەندێك لە کاتەکانیشت بەشادی و گەنجی بەسەربەرە. من بەمجۆرەم دەوێ. تۆش ئەمجۆرەت بوێ. لانیکەم بۆ شادی من کە ئەمەندەم خۆشدەوێی.

هەوڵبدە بژیت. هەوڵبدە. فەقێ مەبە. هەم شت فێربەو هەم بژی. ئەم دووانە پێکەوە باشە، پێویست ناکات مرۆڤ تەنیا بەشتێکەوە بلکێت.

بەجدی حەزدەکەم پێویست بە قسەی من نەکات. حەزناکەم بیری خراپ و داماوکەر بخەیتە مێشکتەوە. من لێرەم و بەهۆی تۆوە لێرەم. ئەمە ئەرکی منە،

ئەوەش ئەرکی تۆ. هەوڵنەدەیت ئەم راستیانە بەشێوەیەکی دیکە لێکبدەیتەوە و دەوروبەرت بە رەش ببینی. کاتێك نامەیەکت لەمنەوە پێدەگات حەزدەکەم خۆشحاڵ بیت، نەك نیگەران، نەك بیرکەرەوە، نە ترساو!- من بە تەواوی دەرك بەو حاڵەتە دەکەم کە نوسیوتە، بەڵام دەتوانم هەر ئەوەندەت پێبڵێم کە ئەسڵەن ئەو شتە بابەت نییە.

ئایشکا کە رۆژ بە رۆژ فریشتەتر دەبێت، ماچت دەکات و سڵاوت لێدەکات، سیروس کە شەو و رۆژی لە هەوڵی شانۆدا بەسەر دەبات، کە ئەم نامەیەت بۆ دەنوسین لێرە نییەو ئەگینا مسۆگەر سڵاوی بۆ دەناردی. ئەوانی دیکە هەموو باشن. هەموو سەلامەتن و هەموو سەلامەتی تۆیان دەوێ. داوات لێدەکەم ئەگەر شتێکت لە تاران پێویستە، بینوسە. تکات لێدەکەم!

هاوڕێ و باوکت

لەپەراوێزی نامەکەدا:

لێرە بەهای دراو بەردەوام دەگۆڕێت و زۆر جێگیر نییە. دۆخی دارایی و پێویستی مانگانەت بەپێی گۆڕانکارییەکانی رۆژ بۆمان روونبکەرەوە.

لەسەر زەرفەکە بنوسە، ناوچەی پۆستەی تاران 15

**چوارشەممە 12 مارس 1975**

**باوك و ئایدای ئازیزم،**

ئومێدەوارم كە تەندروستیتان باش بێت. منیش زۆرباش و سەلامەتم. تەنیا تەڕبووی بەر بارانم، چونكە ئێستا لە فەرمانگەی پۆستەی نزیك كۆلێژەكەمم و تازە لەماڵەوە هاتووم، ئەمڕۆ ئەو پارەیەی كە بۆتان ناردبووم وەرمگرت ئەمجارە لەدوای ئەوەی كە ناوی بانك و ناونیشان و ناوی من و ژمارەی حسابیمت نوسی بێگومان بنوسن (حسابی پاشەكەوت) (DEPOSTT ACCOUNT) ، چونكە چەندین جۆری جیاواز حساب لێرە هەیە. باش نییە لەوە زیاتر بنوسم بەهۆی بچوكی كارتەكەوە. ڕووی میهرەبانتان ماچ دەكەم، سڵاوم بە سیروس بگەیەنن.

سامان

**یەکشەممە 23 مارسی 1975**

**باوکە، ئایدای باشم**

چاوتان ماچ دەکەم و وەکو نەریتێکی باو پیرۆزبایی ساڵی نوێتان لێدەکەم.

هیوادارم حاڵتان باش بێت. حاڵی منیش باشەو سەلامەتم. پشووەکانم دوو رۆژە دەستیپێکردووەو تا دوو هەفتە بـەردەوام دەبێت. پێرێ شەو لەگەڵ هەندێك خوێندکاری تری ئێرانی هەموو لەدەوری یەك کۆبوینەوەو ئەمڕۆش بۆنیوەڕۆکەی سـەوزی پەلو و ماسیمان خـوارد. هەڵبەتە چونکە چێشتلێنەر یەکێك بوو لە هاوڕێکانی خۆمان ناچار بووین سەوزی و پەلو و ماسی بەجیا جیا بخۆین، چونکە شارەزا نەبوو چۆن دروستیبکات.

سیروسەکەم ماچ بکەن و پیرۆزبایی لێبکەن.

قوربانتان بم، سامان

**چوارشەممە 1 حوزەیرانی 1975**

**ئایدای ئازیز، باوکە.**

ئەمڕۆ بە بینینی ئەو کارتەی کە بۆتان ناردبووم زۆر خۆشحاڵ بووم. بە پەرۆش بووم بەوەی کە باوکم کەمێك ناساغ بووە، شادمان بووم بە هەواڵی ئەوەی کە ئێستا باشترە. بەسەلامەتی ئێوە منیش زۆر سەلامەت و خۆشحاڵم. کۆلێژ لەبەر تاقیکردنەوەکان پشووە. ئەمڕۆ بەرێکەوت تاقیکردنەوەیەکم هەیە. بەشێوەیەکی گشتی تاقیکردنەوەکان 18 حوزەیران تەواو دەبێت. بەراستی زۆر سەرقاڵم، کەموکوڕیم نییە. ئەگەر ئێوە کارتان بەشتێك هەیە بێگومان و بێ دوودڵی بۆم بنوسن و ئاگادارم بکەنەوە. چاوی سیروسم ماچ بکەن. زیاتر ئاگاتان لە خۆتان بێت. دینایەك ماچتان دەکەم

سامان

**پێنج شەممە 12 حوزەیرانی 1975**

باوکە باشەکەم، ئایدای ئازیزم، سیروسی برام
ئەمڕۆ کارتی سیروسم وەرگرت. لەراستیدا پۆلۆتەکنیکی بەهەڵە ناونیشانەکەی نوسیبوو، چونکە من دەبوایە ئەو کارتەم لە لەندەن وەربگرتایەو دەبوایە ڕەوانەی ناونیشانەکەی خۆم بکرایە. بەهەرحاڵ بە باشی و سەلامەتی ئێوە هەمووتان، منیش باش و سەلامەت و خۆشحاڵم. بەیانی دوو تاقیکردنەوەم هەیە. تا هەفتەیەکی تر خۆشبەختانە تەواو دەبێت. لە هۆڵەندا داوای کارمکردووە کە ئەگەر ببێت، زۆر باش دەبوو. نزیکەی هەفتەیەکە ئێرە خۆرەتاوەو هەموو پەشۆکاون، چونکە دوو سێ ساڵە ئەم شوێنە کەشەکەی وا خۆرەتاو نەبووە. کاتێك ئێرە دەبێتە خۆرەتاو نازانیت دەبێتە چ هەرایەك، تەنانەت ڕووی منیش شێوەیەکی سەیر لەخۆدەگرێت و لەخۆشیدا حاڵم دەگۆڕێت. هەموو خۆشحاڵن، هەموو پێدەکەنن و سڵاو لە یەکتری دەکەن و ئەحواڵی یەکتری دەپرسن هەرچەندە یەکتریش ناناسن، بە کورتیەکەی ئەڵێی رۆژی قیامەتە. لەوانەیە نامەیەکی تێرو تەسەل بنوسم. ئاگاتان لەخۆتان بێت.
قوربانی هەمووتان بم

سامان

ئێستا کە سەیری شەقام دەکەم هەموو بە رووت و قوتی دەگەڕێن.

**تاران**

**شەممە 5 تەمموزی 1975**

کوڕە باشەکەم. جەنابی ئیسلامیە بە ئەرکێك دێتە لەندەن و بە دەرفەتم زانی لەڕێی ئەوەوە سڵاوێکت لێبکەم.

ئومێدەوارم حاڵت زۆر باش بێت و نیگەرانی و کەم و کوڕیت نەبێت. مانگی نیسان (واتە لە 19 مارس تا 7 نیسان) من لە رۆما بووم، بەڵام گیرۆدەی شاندێك بونەوەر بووم کە لەگەڵ مندا بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی (نیزامی گەنجەوی) لە تارانەوە هاتبوون، تەنانەت دەست و دڵی ئەوەم نەبوو کە تەلەفۆنێکت بۆ بکەم یان داوات لێبکەم رۆژانی جەژنی پاك بێیت بۆ ئەوێ تا یەکتری ببینینەوە، لە گەڕانەوەشدا، لە سی و پێنج کیلۆمەتری سیواس تورکیا بە ئۆتۆمبێل کەوتینە دۆڵێکەوە کە قەزاو بەڵای بردبێت، کارەساتی ناخۆشی لێ نەکەوتەوە. پاشانیش، لە مانگی رابـردوو، ناچار بووم لەبەر ئـازاری قاچەکانم هەفتەیەك بچم بۆ نەخۆشخانە، بەڵام خۆشبەختانە سەرەڕای هەموو ئەو پشکنین و تیشکە باش و پەیوەندیدارانەی کە بۆیانکردم وتیان هیچ دەردو نەخۆشیەکم نیەو چارەسەری

دەردەکانم تۆزێك بێ هەستییە تا گوشار نەخەمە سەر دەروونم. لەو هەواڵە خۆشانەی کە زۆر خۆشحاڵت دەکات ئەوەیە، کە ئاغای سەرکیسیان (باوکی ئایدا) خانوێکی گەورەو باشی بۆ کڕیوین و ئێستا خەریکین ماڵەکەمان بۆ ئەوێ دەگوازینەوە تا لەم شەڕی کرێ خانوە نەفرەتییە رزگارمان بێت، کە خەریکە بە عەرش دەگات. کتێبەکەی (حافز)م لە دوای شەش مانگ کێشمەکێش لەگەڵ فەرمانگەی سانسۆردا، سەرەنجام لەم رۆژانەدا مۆڵەتی بۆ وەرگیرا. هەر لەگەڵ دەرچوونی نوسخەیەکت بۆ دەنێرم. ئایشکا و سیروسیش باشن و بەسڵاو و ماچ خۆشەویستیت بۆ دەردەبڕن. بارودۆخمان پێکەوە باشە و هیچ جێگەی نیگەرانی نییە. بڕیار بوو بۆمان بنوسی، کە پشووەکانی هاوین سەرەنجام بۆ هۆڵەندا دەچیت یان نا. و ئەگەر ناڕۆیت، چی دەکەیت؟- من لەبەر هەندێ هۆکاری دیاریکراو، بەهیچ شێوەیەك بە باشی نازانم  هاوین بێیتەوە بۆ ئێرە. نامەوێت هۆکارەکانیشت بۆ ریز بکەم، بەڵام باشترە قسەکەم پەسەند بکەیت- لەمەودوا نامەکانت بۆناونیشانی تازە بنێرە، لەبەرئەوەی لە بەیانییەوە دەچینە خانوی تازەوە. ناونیشانی پۆستە ئەمەیە:

**ژمارە 36 کۆڵانی ئەشرەفی، شەقامی کورش کبیر. ناوچەی پۆستە 15.**

هەروەها بۆئەوەی کە بزانی ماڵەکە لەکوێیە نەخشەکەیم لە پشت لاپەڕەکەوە بۆ کێشاوی.

دیاری ئەم مانگە لەلایەن جەنابی ئیسلامییە پێشکەشکراوە. ویستمان هەندێك برنجی ئێرانیت بۆ بنێرین، بیرمان کردەوە رەنگە بگوازرێتەوە. بەڵام لەلایەن ئاغای ئیسلامیە بە خراپ لێکبدرێتەوەو لەبەر رێزو خۆشەویستی ئەو پاشگەز بووینەوە.
تکایە ئەگەر لە تاران شتێکت دەوێ، شەرم مەکە.

هاوڕێ و باوکت

**سامانی ئازیزم**

ئومێدەوارم حاڵت باش بێت. ماوەیەکە هیچمان بۆ نەنوسیوی. گیرۆدەی دوو سێ کاری گەورە و گەرمای ترسناکی تارانین. لەبارەی خۆتەوە بۆمان بنوسە. بزانین چ پلانێکت هەیە. ئومێدەوارم تاقیکردنەوەکانت بە باشی تەواو بووبێت.

قوربانتبم

ئایدا

**یەکشەممە 6 تەمموزی 1975**

**هاوڕێ باشەکانم، سڵاو.**

نزیکەی هەفتەیەکە کە تاقیکردنەوەکانم تەواو بووەو چەند رۆژێك بوو کە لە بێکاریدا بەدوای کاردا دەگەڕام. ئێستا بیردەکەمەوە لە دووشەممەوە سەرقاڵی کارکردن بم. هەڵبەتە هێشتا مسۆگەر نەبووە. نیازم وایە پارە کۆبکەمەوەو لەگەڵ هاوڕێیان تا سەرەتای مانگی داهاتوو سەفەرێك بۆ ئیسپانیا بکەین. ئەنجامی تاقیکردنەوەکان تا یەك دوو مانگی دیکە نادەنەوە. ئێستا بــەردەوام لەگەڵ پۆلۆتەکنیکەکان و زانکۆکاندا لە پەیوەندیدام بۆ ساڵێکی دیکە. باشە وەکو ئەوەی کە نوسینەکانی ژێر کارتەکە لەوە زیاترە کە بۆم نوسیون. رەنگە نامەیەکتان بۆ بنوسم. سیروسم ماچ بکەن.

قوربانی هەمووتانم، سامان

**دووشەممە 4 ئابی 1975**

**باوکە و ئایدام، هاوڕێ باشەکانم**

دوێنێ شەو چووینە نێو پاریسەوە، من  و سێ کەسی تر لە هاوڕێیانم. بەڕاستی پاریس یەکێك لە قەشەنگترین ئەو شوێنانەیە کە تاوەکو ئێستا بینومە. ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ چووین بۆ ئیسپانیا. دوێنێ شەو لێرە بووین لە ماڵی یەکێك لە هاوڕێیان. کەش و هەوا گەرم و خۆرەتاوەو هاوڕێیانی باش و خۆش سەفەر.

تا کارتی دواتر

یاهو

**5 شەمە 7 ئابی 1975**

**باوکی ئازیزم، ئایدای میهرەبان، سیروسی باشم.**

ئەمڕۆ دووەمین ڕۆژە کە لە کەناراوەکانی ئیسپانیام، هەڵبەتە لە یەکێك لە کەنار دەریاکانی ئیسپانیا سەرگەرمی پشودان و لەبەرخۆر پاڵکەوتنم. شوێنتان زۆر خاڵییە. خواردن و خەرجی ئێرە بەشێوەیەکی گشتی زۆر هەرزانترە لە لەندەن. بەهەمان شێوەی کە لە کارتی پێشوودا کە لە پاریس بۆم نوسیبون، لێرە لە ماڵی یەکێك لە هاوڕێکانم شوێنێکی زۆر جوان و زۆر قەرەباڵغە. هەروەکو خۆشتان لە وێنەکەدا دەیبینن. هەستدەکەم نزیکەی دوو هەفتەی تریش لێرەبین و پاشان دووبارە بچینەوە لەندەن. هەوای ئێرە خۆرەتاو و گەرمە و شوێنەکەی جوان و زۆر خۆشە. لە باتی من چاوی سیروس ماچ بکەن و دنیایەك چاك و خۆشی لێ بکەن.

کوڕتان و هاوڕێتان

سامان

**پێنج شەممە 14 ئابی 1975**

**باوکە، ئایدا و سیروسی میهرەبان، هاوڕێ باشەکانم**

ئومێدەوارم کە حاڵی هەمووتان باش بێت و ئەو کارتەی کە پێشتر بۆم ناردبوون بە دەستتان گەیشتبێت. منیش زۆرباش و سەلامەتم. دوێنێ شەو لەگەڵ هاوڕێیان بەسەردان چوینە یەکێك لە شارە نزیکەکان. شارێکی زۆر جوان و قەشەنگ بوو، پاشانیش چووینە سەردانی سەمای قەرەجەکانی ئیسپانیا. ئێوە بەراستی دەبێت ئێرە ببینن. هەمیشە جێگەی ئێوە لێرە خاڵی دەبینم لەو سەما راستەقینانەی ئیسپانیەکان و لە ژینگەی ئیسپانیایی. ئیسپانیا وڵاتێکی زۆر هەرزانە بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە لە بەریتانیا یان ئەڵمانیاوە هاتبن.

ئێمە تا 23 ئابی لێرە دەبین و 24 ئابی لە لەندەن دەبین، ئێرە بەراستی دنیایەکی ترە، سەرجەم ریستۆرانتەکان تا دەمەو بەیان کراوەن و خەڵکی هەموو شاد و لێو رێژن لە ژیان، زۆر بە پێچەوانەوەی لەندەنەوە، جێگەی هەمووتان خاڵی، چاوتان ماچ دەکەم.

ئومێدەوارم لە ڕواڵەتی پیاوانی سەر کارتەکە زویر نەبن.

سامان

**سامانی زۆر خۆشەویستم!**

دەمێکە نامە یان تەنانەت کارتم بۆ نەناردوویت. راستییەکەی بەرادەی پێویست تەمەڵم، لێ لە هەمانکاتیشدا تا رادەیەك کارم لە جاران زیاتر بووە. لە ئێستادا زانکۆی بوعەلی سینا (هەمەدان) منیان بۆ بەڕێوەبەرێتی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسییەکەی بانگهێشت کردووەو شەو و رۆژم بە نوسینی پرۆژەی پێکهێنانی ئەم کارەوە دەگوزەرێت، حافز لە دوای چەندین ساڵ چاپکرا و بەم زووانە پێشکەشتی دەکەم و دێتە خزمەتتان. هەواڵی چوونە زانکۆت، وەکو هەموو سەرکەوتنەکانی ترت- هەمووومانی شادکرد، بەڵام شادی بەڕادەیەکی زۆر ئاوێتەی سەربەرزی و سەربڵندی بوو لەمندا. ئومێدەوارم هەمیشە هەواڵی سەرکەوتنەکانت ببیستم و زوو بێیتەوە لامان. بە داخەوە شوێنێکم بۆ چاك و چۆنی ئاییشکا نەهێشتەوە. ناچار لەباتی ئەویش سەلامەت لێدەکەم. سیروس باشەو سەرگەرمی کارەکانیەتی. سەرەنجامیش شانۆنامەکەی لە زانکۆدا خستەسەر تەختەی شانۆ. ئەگەر شتێکت پێویست بوو، پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات، کە دەستبەجێ بیڵێیت.

خۆشەویستت

باوکت

***مێژووی ئەم کارتە رەنگە ساڵی (1976) بێت.**

**تاران**

**شەممە 2 تشرینی یەکەمی 1976**

**سامانە باشەکەم**

بەمەودای رۆژێك دوونامەی تۆمان پێگەیشت. بێهودەیە کە بڵێین چەندە خۆشحاڵ بووم. بەم حاڵەشەوە نامەی دووەم نیگەرانی کردم و تۆزێکیش تورە. نازانم چ شتێك بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانم لەگەڵ ئێوەدا بەو جۆرەی کە هەمیشە ئارەزووی دڵم بووە لێکگەیشتن دەستەبەر بکەم، و راستییت دەوێ، هێدی هێدی بەو شوێنە گەیشتووم کە ئیتر لەم بارەیەوە هەوڵ و کۆشش نەکەم- سیاوەش کە بەدوای ژیانی خۆیدا چووەو تەنیا جارجار ئەگەر ئیشی بەمن هەبێت، سەرێکم لێدەدات. گەرچی دوو سێ رۆژ لەمەوبەر هاتبوەلام و لافی (خۆشەویستنی باوك)ی لێدەدا، کە ((ئێمەی کوڕان هیچ کات خۆشەویستیمان لە باوکمانەوە نەبینیوە.)) پێم وت ((بۆرە پیاو! کەسێك کە تەنانەت بۆ ژن هێنانیش نایەت لانیکەم هەواڵێکی وشك و بەتاڵ بە باوکی ڕابگەیەنێت، کەسێك کە دێت بەناوی ئەوەی کە قەرزدارە و سکاڵایان لەسەر تۆمارکردووەو ئاگادارییانکردوەتەوە. ناچارم دەکات کە لەگەڵیدا بڕۆم پارە لە هەندێك زەلامی بێ ئابڕوو قەرز بکەم و پێی بدەم و پاشان دەزانم کە چووە دانیشتووەو تا

دوادیناری دۆڕاندوە، کەسێك کە دێت لە من چەك وەردەگرێت و لە کاتێکدا کە دەزانێت من ناتوانم کرێی خانووی خۆم بدەم، دوو رۆژ دواتر تەلەفۆن دەکات کە ناتوانم چەکەکەت لە خاوەن خانوەکەم وەربگرم، و من دووبارە دەڕۆم بە قەرزو قۆڵە پارەیەك دابین دەکەم و دەیدەمێ، کە بڕوات چەکەکەی من لە بۆرە پیاوەکە وەربگرێت، و لەگەڵ هەموو ئەم قسانەدا چەکەکەی من  وەردەگرێت و دەیداتە دەست هەندێك ماتۆرسکیلسواری شەلاتی کە بچن سکاڵام لەسەر تۆماربکەن. هەڵە دەکات ئەم قسانە بکات. ئەوساکە، من کە تۆ بە شەش مانگ، شەش مانگ نابینم چاوەڕێ دەکەی بە پۆست سۆز و خۆشەویستیت بۆ بنێرم؟)) تەسەور دەکەیت چ وەڵامێکی من دەداتەوە؟ هیچ، دەگەڕێتەوەو پێم دەڵێت: ((ئاخر کەسی سێیەم کەوتۆتە بەینمانەوە!)) بۆرە پیاوێکی سی و چەند ساڵە نازەنینێکی وەکو ئایدا کە پانزە ساڵ لەمەوبەر منی لە خۆکوژییەکی مسۆگەر رزگارکرد و بووە هۆی بێ نیازی و رێزو ئاسودەیی گیانم. وەکو ((زڕ دایك)) سەیر دەکات. رەنگە بۆچوونی وابێت بەندە بەهۆی چاوی کاڵ یانەوە ژیانم تێکبدەم، تەنیا بۆئەوەی کە ئاغایان خۆشبوێ و زیاتر تەشەریف بهێننە لام. ئەمە لەبارەی سیاوەشەوە- سیروس یش ئیتر بەمن نامۆ بووە، ئەوەندە بەسەر خۆی ناهێنێ کە کاتێ لە دەرگاوە دێت سڵاوێکی ساردو وشکم لێبکات. کە لە ئەمریکا گەڕاینەوە شەو سەعات سێ بوو گەیشتینە

ماڵەوە، لە زەنگماندا تەنیا پەنجەی نا بە دوگمەی ئێف ئێفەکەدا و گەڕایەوە چووە ژوورەکەی خەوت و دەرگای ژوورەکەشی لە ناوەوە داخست، بە جۆرێك كە ئێمە وامان هەستکرد لە ماڵەوە نییەو وامانزانی خوشکەکەی ئایدایە، کە لە نهۆمی چوارەمی هەمان ماڵ دادەنیشێت، پەنجەی ناوە بە دوگمەی دەرگاکەدا. بۆرە پیاو لە بەرچاوی خۆم بە خاتوو ئەمیر شاهی گوت: ((چارەی باوکم ناوێت، چونکە ناوەکەی وەکو مۆتەکە کەوتوە بەسەر مندا و ئاستەنگی پێشکەوتنمە!)) - سەرەنجام ئیتر خواردنیش لەگەڵ ئێمەدا ناخوات و گەرچی لە ماڵێکدا دەژین، ئەوە بۆ چەندین مانگە کە تەنانەت وشەیەکیشی لەگەڵماندا نەوتوین و تەنیا ئەگەر ناچار بێت و برسی بێت دێت بەبێ ورتە خورادنەکەی هەڵدەگرێت و دەیبات لە ژوورەکەی خۆی دەیخوات. ماوەیەك لەمەو پێش پێموت کە ئەگەر دەتوانێت بۆ خوێندن بڕواتە دەرەوە توانای داراییم هەیەو دەتوانم خەرجی دابینبکەم. دەزانی وەڵامی چی بوو؟ روویکردە من وتی: ((بنەماڵەیەك ئامادەبوون لەگەڵ خۆیاندا بۆ خوێندن ببەن بۆ ئەڵمانیا، پاسپۆرتەکەم پێ نەدان!)) ئەمە وەڵامی ئاغا بوو! بنەماڵەیەك! خێرکردنێکی نهێنی یان وەکو...؟- وای بۆ دەچم تەنانەت ئەم روخسارەی بە بینینی سەرو گوێلاکی من وای بە باش زانیوە. بۆچی؟ چۆن؟ نازانم. سەری لێ دەرناکەم. ئەم دوژمنایەتیە، ئەم خۆشنەویستنە چەپەڵە هۆکارەکەی چییە؟ چی بووە؟ نازانم و راستیشت دەوێ

ئیتر دەڵێم بۆ دۆزەخ! کاتێ تۆ خۆشەویستی من نەوێ منیش نامەوێت.
بەڵام تۆ، کوڕم. تەنیا تۆم بۆماوەتەوە. سیاوەش پێداگری دەکات کە بەمن بسەلمێنێ کە تۆش وەکو سیروس بیردەکەیتەوە، بەڵام من و تۆ پێکەوە ئەو رۆژە لە تاکسیدا قسەکانمان کردو هەستدەکەم شتێك بۆ بیروڕای جیاوازی نێوانمان نەماوەتەوەو هەندێك کێشە ئەگەر هەبووبێت چارەسەر بووە. بەکردەوەش جگە لەمە هیچم لە تۆ نەبینی، کە قسەی سیاوەش بسەلمێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئازیزەکەم مرۆڤ ئەوەندە شتی سەرسوڕهێنەر دەبینێ کە ئیتر هەقیەتی باوەڕ بەچاوی خۆیشی نەکات. ئەو نامەیەی کە بۆت نوسیم- دواهەمین نامەت- بەراستی بێتاقەتی کردم. ئەو رۆژەی کە تۆ ویستت لە ئێران بڕۆیت، دوو بەدوو سەعاتێك پێکەوە دانیشتین و قسەمان کرد. دڵنیایشمان دایە یەکتری و تۆ بەرێکەوتی و رۆیشتی. من تەنانەت پرسیارشم لێنەکردی کە لە چ بەشێك دەخوێنیت، نەوەکو وابیربکەیتەوە کە مەبەستێکم لەم پرسیارە هەیە. بڕیارمان وابوو کە تۆ بخوێنیت و من خەرجیت بۆ بنێرم. هەر ئەوەو بەس. ئێستا هاتووی چوار لاپەڕە نامەت بۆ نوسیوم کە پێم بسەلمێنی گۆڕانی زانکۆ یان بەشی خوێندنەکەت بۆ ئەو کاتەی کە ((بڕیار بووە)) لە دەرەوە بمێنێتەوە هیچ شتێك ناگۆڕێت!- مەگەر من پرسیارم لەتۆ کردبوو خوێندنەکەت چەند ساڵ دەخایەنێت؟ مەگەر ئێمە ((بڕیارمان دابوو)) کە تۆ لە چوار ساڵ زیاتر نەخوێنی؟

کەی بڕیاری لەو شێوەیەمان دابوو؟ ئەگەر بەشێکت زیاتر حەز لێیە، زۆر باشە، بچۆرە ئەو بەشە، بەڵام نەفرەتی خودات لێ بێت ئەگەر هەڵبژاردنی ئەم بەشە تەنیا هۆکارەکەی ئەوەبێت، کە درێژماوەکەی سێ ساڵ زیاتر نییە. من بەمشێوەیە لە نامەکەی تۆ تێگەیشتم و بەراستی نیگەران بووم.

سەرەتا دەربـارەی ئەو بەشەی کە ساڵی رابـردوو وەرتگرتبوو دەبێت بڵێم ئەم مەسەلەیەی کە دۆزینەوەی شوێنێك بۆ فێرخوازی کێشەیە، شیاوی قبوڵ کردن نییە. ئەم کێشەیەی تۆ دەبێت زانکۆ یارمەتیدەرت بێت و لەم بارەیەوە بەرپرسە. ئەگەر یەك ساڵ فێرخوازی بۆ خوێندکارێکی دەرچووی زانکۆ پێویستە و لەراستیدا بەشی خوێندنی حساب بێت چاوی زانکۆ کوێر، دەبێت شوێنیشی دابینبکات. وەکو قوتابخانەی پزیشکی. چ جیاوازییەکی هەیە؟ خوێندکاری دەرچووی پزیشکی دەبێت دووساڵ خولی راهێنان لەژێر چاودێری مامۆستادا لە نەخۆشخانەدا ببینێت و ناچارە ئەو جۆرە نەخۆشخانانەی پەیوەستە بە کۆلێژە پزیشکییەکانیش لەبەردەستیدابێت. ئەگەر فێرخوازێك لەخولی خوێندندا بێت ، بەدڵنیاییەوە مامۆستای مەشق و راهێنانیش چاودێری خوێندکار دەکات و لە ئەنجامدا شوێنەکەی لە دەسەڵاتی کولێژدایە. کەواتە رێگەبدە بڵێین ئەم ئاخاوتنانە بیانون، گیانی من. تورەیی منیش لەوەیە، کە تۆ بۆچی دەبێت ئەوەندە لەگەڵمدا نامۆ بیت، کە خۆت بە ناچار بزانی

هەر  پەڵپ و بیانوم بۆبهێنیتەوە؟ حەزت لە بەشی خوێندنەکەت نییە؟ یان بەشی باشترت هەڵبژاردووە؟ زۆر باشە. بۆم بنوسە بابە دەمەوێ بەشەکەم بگۆڕم و منیش وەکو هەمیشە بۆت دەنوسم ((جولەکە گیان، سەرکەوتووبی!))- نەك ئەمەی کە بیانویەکی ناماقوڵ دابتاشی و پاشانیش لە چوار لاپەڕەدا دە جار دووپاتی بکەیتەوە کە ئەم قۆناغە چوار ساڵ بوو قۆناغی نوێ سێ ساڵەو ئێستا بۆ تۆ فەرق ناکات! قۆناغی خوێندنەکەت سی ساڵیش بێت بۆ من وەکو یەکە. کە قۆناغی خوێندنەکەت تەواوکرد، تەنانەت ئەگەر ویستت دەتوانی قۆناغێکی تازە دەست پێبکەیتەوە. خۆشحاڵ دەبم. بخوێنە، بخوێنەرەوە، شت فێربە، دنیا بگەڕێ و ببەرە پیاوێکی گەورەو سەربەرزم بکە. ئەوەی لەتۆم دەوێ ئەمەیە. ئەگەر بۆ خۆت دەخوێنی تا ئەو کاتەی من لە ژیاندام خەرجیت دابینکراوە، بەڵام ئەگەر بۆ دابینکردنی بژێویت لە داهاتوودا دەخوێنی، بەشێك هەڵبژێرە کە هیچ نەبێت  ژیانت بەرەو باشی بەرێت. ئێستا لێرە ئەو کەسانەی کە بەشی بەڕێوەبەرێتی پیشەسازییان تەواو کردووە بە موچەی مانگانەی بیست و بیست و پێنج هەزار تمەن بەشێکی تایبەت لە بەشی دەوڵەتی هەڵدەگرن و دەبەن!

مەبەست چییە لەپێناو ساڵێك زووتر گەڕانەوە قۆناغێك خوێندنی بێ بەهاتر وەربگریت؟ کێ بەتۆی وتوە نابێت لە چوار ساڵ زیاتر بخوێنی، شێتە؟

خاڵێکی تری کە دەبێت بۆ هەزارەمین جار بینوسم و بیڵێم بابەتی خەرجییە. کاکی من! ئێمە لەوێ ناژین و نازانین بارودۆخ لەوێ چۆنە. دەزانین کە بەهای پاوەند دابەزیوە، بەڵام ناکرێت جیاوازی بەهای ژیان بەسەرە پەنجەیەك حساب بکرێت. هەمیشە وتومە حسابەکانت بکەو کۆی بکەرەوەو بۆمان بنوسە. تۆ، خەرجیەکی خواردن و خۆراك و مەسکەنت هەیە و خەرجیەکی زانکۆ و چوون و گەڕانەوە، زۆر باشە، بەڵام ئایا بەو پارەیەی کە پێت دەگات دەتوانی بۆخۆت کتێبیش بکڕی؟ دەتوانی هەندێك جار بچیتە سینەمایەك، یان شانۆیەك ببینی؟ سەرو سیمات رێك و پێکە؟ پێڵاو و جلوبەرگ و پاڵتۆت هەیە؟ هەندێ جار دەتوانی قاوەیەك بۆ هاوڕێیەکت بکڕی؟- من حەزناکەم دەست و دڵت بلەرزێ یان هەست بە هەژاری و ژیانی مەمرەومەژی بکەیت.

من تا چل و پێنج ساڵی بەمجۆرە ژیاوم و تاڵیشم چەشتوە. نامەوێ تۆش ئەوە ئەزمون بکەیت، ئەوەش لە کاتێکدا کە هۆکارێك نییە بۆ ئەو جۆرە ژیانکردنە. ئایا حەز دەکەیت ئۆتۆمبێلێکی بچوك بۆخۆت بکڕی؟ دەمـەوێ ئەمانە بزانم. ئایدا چەند جارێك بەمنی وتبو کە چاوەڕێیە (خۆی مات کردووە) سیروس خان مۆڵەتی شۆفێرییەکەی وەربگرێ تا ئۆتۆمبێلێکی بۆ بکڕین، بەڵام جارێ وا کارتی تاقیکردنەوەکەیان هەڵوەشاندوەتەوە. (هەڵبەتە سەرو گوێمان شلکردووەو

ئەمە تێگەیشتووین، خۆیشی قسەمان لەگەڵدا ناکات)، بەڵام راستیش بڵێین، ژەقنەموتیشمان بۆ نەکڕیوە. ئەو شایستەی خۆشەویستی نییە. خۆشەویستی بینینی شیاوو شایستەی دەوێت. ئەمە لەو ....انەیە کە دەستی هەنگویناوی بۆ دەمی تاڵی ببەی پەنجەکانت دەگەزێت.

دۆخی داراییمان زۆر لەبارەو هیچ نیگەرانیەك لە ئارادا نییە.

کۆی پەنجا بەرگی فەرهەنگی عەوامی من چووەتە ژێر چاپ. هەر بەرگێکی بۆ چاپی یەکەم بەشێوەی کاتی لە دە هەزار نوسخەدا چاپدەکرێت و هەست ناکەم کەمتر لەسەد تمەن (هەر بەرگێکی) نرخی لەسەر دابنرێت. پاداشتی من لەسەدا بیستی گشت نرخەکەیە. ئەمانە بۆیە دەنوسم تا ئاسانتر دەرك بە دۆخەکە بکەیت و بزانیت ، کە ئیتر نیگەرانییەکانی پێشوو نەماون. کەواتە تۆش نیگەرانی چوار قران مەبە. تەنیا لەنێو پۆل دانیشتن و خوێندن مرۆڤ ناگەیەنێتە شوێنێك. بۆ کلتوری دەوڵەمەند دەبێت دنیاو خەڵك و ژیان لە نزیکەوە بخوێنیتەوە. تەنیا تۆم بۆ ماویتەوە. دەوروبەرم، جگە لە ئایدا، شتێك جگە لە زەبونی و کورتبینی هیچ بوونی نییە. تاکە ئومێدێك کە لە هەموو دنیا بۆم مابێتەوە تۆیت. تاکە شتێك کە دەتوانێت خۆشحاڵم بکات و سەربەرزم بکات. ئەمەیە درێغیم لێ مەکە. لە هونەر غافڵ مەبە، بچۆ بۆ شانۆ، فیلم ببینە، هاوڕێی تێگەیشتوو رووناکبیر بدۆزەرەوە، شێوەی کوریژگەیەك

که گوێی له مۆسیقای پۆپ دەگرێت و گەمەشامی و بیره دەخوات و دەخواتەوەو سێکس هەموو دنیاکەی پێکدەهێنێ  بۆ ئەزمون خراپ نییه، بەڵام- تۆ دەڵێی زۆر بایەخ بەم دنیا نابالغه بچوکه نادەی - دەبێت زووتر خۆت لەم سنورەوه بگەیەنیته ئەوبەر. مەزنی مرۆیی و موجیزەی ئینسانی ئەودیوی ئەم سنوره بدۆزیتەوە. دەست بکه به کەشفی ئەو دنیا. هەر سەعاتێك له دەستت بڕوات حەیفه. ئەفسوس بۆ ئەو مرۆڤەی که زۆر درەنگ لەمه تێدەگات. سڵاوی من و ئایدا به هیلن بگەیەنەو لەباتی ئێمه ماچی بکه. خۆشحاڵین که کیژێکی هونەرمەندی هاودەمت هەڵبژاردووە. ئەگەر ویستت له شته دروستکراوەکانی ئێرانی بەدیاری پێشکەش بکەیت، حەزو سەلیقەیمان بۆ بنوسه تا شتێکی بۆ ساز بکەین.

راسپاردەکانم فەرامۆش مەکه.

هاورێ و باوکت

**ژمارەی تەلەفۆنی ماڵەوە( 597248)**

**ژمارەی تەلەفۆنی تۆ چییه؟ چ سەعاتێك بۆ تۆ باشترەو دەتوانرێت تەلەفۆنت بۆ بکرێ؟**

**ئەگەر ناونیشانەکەت بگۆڕێت دۆخی بانکیت چی لێدێت؟**

**ئەمانەمان بەڕوونی بۆ بنوسه.**

**سێ شەممە 2 تشرینی دووەمی 1976**

**باوکی ئازیزم، ئایدای باش**

سڵاو، هیوادارم کە حاڵتان باش باش بێـت. من شادمان و لەشساخ و سەلامەتم. هەفتەی پێشوو بۆ پشوەکانی کۆتایی هەفتە چووم بۆ لەندەن و سەردانی هاوڕێیانم کردەوە. ئێستاش کە ئەم کارتەتان بۆ دەنوسم. لە پۆلی شێوەکاریم و بە قەولی خۆمان سەعاتی شادمانیمانە.

ڕاستییەکەی ئێوە ڕەنگە لەلایەن  پۆلۆتەکنیکەوە نامەیەکتان پێبگات، کە لە بارەی نامەکەوە سوپاستان بکات. هەمان ئەو نامەیەی، کە من داوام لێکردبوون بۆم بنێرن سەبارەت بەوەی کە تا ئەوکاتەی من لێرەم ئێوە بۆمن گرەنتی دارایین، چونکە تا کۆتایی هەفتەی پێشوو پێم نەگەیشت و پۆلۆتەکنیك خستمیە ژێر گوشارەوە کە بۆی بنێرم. خۆم لە زمانی ئێوەوە نامەیەکم نوسی و پێم دان کە من لە دەرەوەی وڵاتەوە هەموو مانگێك بۆ خەرجیم پارەی پێویستم بۆ دەنێردرێت. بەهەرحاڵ لەوانەیە نامەیەکتان لەلایەن پۆلۆتەکنیکەوە پێبگات، گوێی مەدەنێ.

بەهەرحاڵ باوکە خۆم هەوڵدەدەم، بەڵکو شەممە پەیوەندیتان پێوەبکەم و تەلەفۆن بکەم و ئاگادارتان بکەمەوەو چاك و چۆنیم کردبێت. تا ئەوکاتە قوربانی ئێوەم. چاوتان ماچ دەکەم و دەستتان دەگوشم.

قوربانتان بم - سامان

**شەممە 6 تشرینی دووەمی 1976**

**باوکی ئازیز و ئایدای جوانم**

سڵاو، هیوادارم کە حاڵتان باش بێت. من شادمان و دڵخۆش و سەلامەت و سەرقاڵم.

پشووەکانی کۆتایی هەفتەشم بۆ سەردانی هاوڕێیان و بۆ ئەوەی کە هەوایەك بگۆڕین و نەفەسێك تازە بکەینەوە چووم بۆ لەندەن. تاڕادەیەك هەموو هەفتەیەك لێرە پۆلۆتەکنیك پاسی تایبەتی هەیە کە بۆ خوێندکاران زۆر هەرزانە و دەرفەتێکە کە (بۆ) گەشت بۆ ئەملاولا بکەیت و هەوایەك تازە بکەیتەوە.

لە بەشە تازەکەم زۆر ڕازیم و لەهەر ساتێکدا شتێك فێردەبم و چێژ وەردەگرم. سەرگەرمی و وەرزشیش لە گەڵیدا جمکن و بە کورتی لەهەر ساتێکی ژیانم رازیم.

شوێنی حەوانەوەشم باشەو کوڕێکی زۆر باش و بەرێزیش لەگەڵمدا دەژی و لە ماڵێکدا پێکەوەین. لە باتی من هەموویان ماچ بکە.

دەستتان دەگوشم.

قوربانتان بم

سامان

**یەکشەممە 21 تشرینی دووەمی 1976**

**باوکی ئازیز و ئایدای باشم،**

سڵاو، ئومێدەوارم کە حاڵتان باش باش بێت. حاڵی من باشەو خۆشحاڵ و باش و شادم.
زۆربەی کاتەکانم لە پۆلۆتەکنیك بەسەردەبەم و بەرادەیەك لەبەشە تازەکەم رازیم، کە تەنانەت نامەوێ یەك وەرزش و یەك سەعات وانە لەدەستبدەم و بە تەواوی سەرگەرم و چێژ لەهەر خولەکێکی دەبەم و زۆر خۆشحاڵم کە ئەو بەشەم دۆزییەوە کە خۆم حەزم لێبوو، کارمان هەندێك زۆرە، بەڵام زۆر سەرنجراکێش و هەمەجۆر و ماندووکەرە نییە. هەندێ کاتیش لەگەڵ هاورێکانم و گاڵتە دەکەین و بیرە دەخۆینەوە. هیلنی خۆشەویستیشم، کچێکی زۆر میهرەبانە، لە لەندەن دەخوێنێت و هەندێ کات کۆتایی هەفتە بۆ پشوەکانی کۆتایی هەفتە بە پاسی تایبەتی پۆلۆتەکینك بۆ سەردانی دەچم بۆ لەندەن و ئەگەر پێشانگایەکیش بکرێتەوە لە لەندەن دەچین و فیلمێکی باش دەبینین و یان بۆ گەلەری دەچین. بە کورتییەکەی چێژ لەهەر ساتێکی ژیانم وەردەگرم، باشم و شت فێردەبم.
باوکەگیان راستییەکەی نزیکەی 20 پاوەند زیاتر پـارەم بۆ بنێرن، چونکە ناوم بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ تۆماردەکەم و شتێکیش بۆخۆم بکڕم.
چاوتان ماچ دەکەم و دەستتان دەگوشم. لە باتی من سیروسیش ماچ بکەن.

قوربانتانبم

سامان

**دووشەممە 14 مارسی 1977**

**باوکی ئازیزم**

سڵاو، ئومێدەوارم کە حاڵتان باش باش بێت و لەهەر شوینێکن سەلامەت و خۆشحاڵ بن. نازانن چەندە خۆشحاڵ بووم کاتێك لەلایەن سودی[1] گیانەوە نامەیەکم پێگەیشت لە لەندەن و هەواڵی سەلامەتیتانم بیست.

کاتێك کە لە ئێران چوونە دەرەوە، من هیچ هەواڵێکی ئێوەم نەبوو و نەمدەزانی ئەسڵەن چی بووە. نزیکەی مانگێك دواتر بێ ئاگا لە ئێوە لە رۆژنامەیەکی ئێرە خوێندمەوە کە لە وڵات چوویتە دەرەوە. پەرۆش و نیگەرانتان بووم، چونکە هەواڵتانم نەدەزانی، دەترسام خوانەکردە نەتوانن لە وڵات بچنە دەرەوەو بیری سەیرو سەمەرە دەهات بە مێشکمداو مانگێکی تەواو نیگەران بووم. تەنیا دەمەویست بزانم کە لە وڵات چوویتە دەرەوەو تووشی سەرئێشە نەبوویت. تەلەفۆنم بۆ ماڵەکەتان لە تاران کرد، بەڵام دەمزانی کە ئێوە لە ئێران رۆیشتوون. ئومێدەوارم کە لانیکەم کەسێك لە ئێوە هەواڵم پێبدات. هەوڵمدا پەیوەندی بە خاتوو ئانوشەوە بکەم، بەڵام وەکو ئەوەی کە ماڵیان گواستبێتەوە، تەلەفۆنەکەیان بچڕابوو. دوایین بیرم ئەمەبوو کە لە ئێران لە ماڵی دایکی ئایدا گیان بپرسم

کە ئایا ڕاستە لە ئێران چوونە دەرەوە یان نا. خۆشبەختانە توانیم بە تەلەفۆن پەیوەندی بە دایکی ئایدا گیانەوە بکەم و پێیانوتم، کە ئێوە لەگەڵ ئایدا گیان و سودی گیان بۆ ئیتاڵیا هەڵفڕیون. نازانن چەندە ئاسودە بووم و خەیاڵم تا چ ڕادەیەك بێخەم بوو، بەڵام ئومێدەواربووم ڕاستەوخۆ هەواڵێك لە خۆتانەوە وەربگرم، چونکە دەمەویست دڵنیابم کە ئێوە لە وڵات چوونە دەرەوە. هەموو ڕۆژێك دەچووم بۆ خانوەکەی پێشووم کە ئێوە ناونیشانەکەیتان لابوو، دەموت نەوەکو نامەیەك، تەلەگرافێك، شتێکم لەلای ئێوەوە بۆ بێت، چونکە دەموت ڕەنگە ناونیشانە تازەکەم کە بۆم نوسیبون، لاتان نەبێت و نەتانتوانیبێت پەیوەندیم پێوەبکەن. نزیکەی دوو هەفتە لەمەوپێش نامەیەکم لە سودی گیانەوە پێگەیشت. نازانم بە چ دڵەخورپەیەك نامەکەم هەڵپچڕی و خوێندمەوە. باشترە بڵێم- دەلەرزیم- سودی گیان نوسیبووی، کە من پەیوەندییان پێوە بکەمماڵی مامە ناسر (جەنابی شاهین پەر) کاتێك تەلەفۆنم بۆ سودی گیان کرد و وتی سەلامەتن!!! تەنیا سوپاسی خودامکرد کە سەلامەت و ساغیت و لە دەرەوەی وڵاتیت!! هەمان ڕۆژ بە پاس بۆ لەندەن چووم. شارەکەی من نزیکەی پێنج سەعات بە پاس بۆ لەندەن ڕێیە.

بیستم کە سودی گیان دەیەوێ لە لەندەن- لە بەریتانیا- بمێنێتەوە. بیرمکردەوە

لەماڵی من ئاسودەتر دەبێت تا ئەو کاتەی کە کارێك و شوێنی دیاریکراو پەیدا بکات. بەیانی هەمان رۆژیش پێکەوە هاتینە شارەکەی من و ئێستا نزیکەی دوو هەفتەیە پێکەوەین و لە تەنیشتمەوەیە، رەنگە کارێکی بۆ دروست بێت، کە لە باڵوێزخانە سەرگەرمی کارکردن بێت و چاوەڕێی نامەیە لە ئێرانەوە (لە شەمی گیان)[2]ەوە، کە هەواڵبدەن دەتوانن کاربکەن یان نا!، کاتێك نامەکەیان هات خودی سودی گیان بە چڕوپڕی بۆتان دەنوسێت. ئێستا پێکەوەین و سودی گیان بەردەوام لە ماڵەوەیەو کاری چێشت لێنان و چنین دەکات. ماڵی زۆرباشە و سڵاو لە هەمووتان دەکات.

حاڵی منیش باش باشە و نازانیت کاتێك بیستم حاڵتان باشە خەیاڵم چەندە ئاسودە بووە. ناونیشانە تازەکەمم بۆ نوسیون. کارتێکم بۆ بنێرن کە دڵنیابم نامەکەتان پێگەیشتووە. یەك دنیا خۆشحاڵم دەکەن. زۆر سەلام لە ئایدا گیان بکەو چاویان ماچ بکە.

دەستتان دەگوشم و چاوتان ماچ دەکەم.

سامان

---

1- سودابە شاملو

2- شەمسولزەمان شاملو

**سامانە باشەکەم**[1]

نامەکەت گەیشت و لەرادەبەدەر خۆشحاڵیکردم. ماوەیەکی درێژ بوو کە دەمەویست نامە، یان کارتێکت بۆ بنوسم، لە راستیدا دەستم قەڵەمی نەدەگرت، چونکە نیگەرانی ئایندەبووم.

خۆشبەختانە کتوپڕ هەموو گرفت و کێشەکان بە باشترین شێوە چارەسەر بوون. سەرەتا پیاوێکی زۆر بەڕێزو چاوو دڵ تێر کە ناچار بوبوو ماڵەکەی لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوای ئەمەریکا بگوازێتەوە. خانوە زۆر جوانەکەی کە لەناوچەیەکی دارستاناوی نزیك پرینستون بوو ڤێلایەکی یەك نهۆم بە رووبەری دوو سەد مەتر چوارگۆشە ژێر بیناو زەوییەك بەنزیکەی هەشت هەزار و پێنچ سەد مەتر چوارگۆشە، بە هەموو کەلوپەلی ماڵەکەی خۆیەوە تارادەیەك بە خۆڕایی لەگەڵماندا رێککەوت! لە بێ کەلوپەلی رزگارمان بوو، ئێستا دوو رۆژە لە ماڵی خۆمانین. زانکۆی پرینستۆنیش منی بە ئەندامی فەخری گروپی لێکۆڵینەوە لە زمانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست قبوڵکردووەو بەم شێوازە مەسەلەی مانەوە ((ئیقامە))ش چارەسەر بوو. شاعیران و نوسەرانی گەورەی ئەمەریکاش بەنامەو تەلەفۆن خۆشەویستییان دەربڕی و بەخێرهاتنیانکردم بۆ ئەمەریکا. بۆ دوانزەی نیسانیش لە تەکساسەوە بانگهێشتیان کردووم کە لە ڤیستڤاڵی گەورەی شیعر خوێندنەوەی شاعیرانی نێودەوڵەتیدا بەشداری بکەم. ئەنجومەنی جیهانی قەڵەم و ئارتۆر میللەریش ئەوپەڕی رێزو خۆشەویستیان نواند و تەلەفۆنیان کرد کە ئەگەر لەبارەی مانەوە لە

ئەمەریکا گرفت هاتەپێش  ئاگاداریان بکەم تا دەستبەجێ هەوڵی خۆیان بدەن. بە کورتی دۆخەکان بە باشی دەڕۆن. نیگەرانی تۆ بووم، کە نەمانتوانی پارەت بۆ بنێرین بۆ ئەوروپا، خۆشبەختانە ئەوەش لە تاران چارەسەر بووەو هیوادارم تا ئێستا پێت گەیشتبێت. هەواڵی سودابەش نازانین کە خۆشبەختانە نامەی تۆ گەیشت. پێی بڵێ نەفرەتی، دنیا بەمجۆرەیە؟ ناتوانی کارتێك بنێریت تا بزانین  چیت بەسەرهاتووە-سەبارەت بەوەی  کە پێکەوەن زۆر خۆشحاڵم و ئومێدەوارم تا ئێستا کارەکەی جێبەجێبووبێ. پێی بڵێ لە باڵوێزخانەی ئێران نەڵێت، خوشکی منە، چونکە لەوانەیە پەڵپ و بیانوی پێبگرن. ئاخر هەر لەم رۆژانەدا من لێرە دەست بەکاردەبم!

ئێستا شتێکی ئەوتۆ نییە بۆت بنوسم. ئایدا، زۆر سەلام لە تۆ و سودەك[2] دەکات و منیش چاوی هەردووکتان ماچ دەکەم- ناونیشانی تازە لە پشتی زەرف و لە پشتی نامەکەوە هەیە.

چاوەڕوانی نامە، یان کارتی تۆم.

A.Shamloo 1232 Deansln. Monmuthjct,N.J 08852 U.S.A

ژمارەی 1232 دیاننزلین، مۆنموت جنکشن، نیوجێرسی.

---

1-مێژووی ئەم نامەیە دەگەڕێتەوە بۆ مارسی 1977

2-سودابە شاملو

**یەکشەممە 3 نیسانی 1977**

**باوکە، هاوڕێم سڵاو**

نامەکەت گەیشت نازانی کە چەندە خۆشحاڵ بوم لەماوەی شەش مانگی رابردوودا هیچ شتێك تاوەکو ئێستا بەم ئەندازەیە منی خۆشحاڵ نەکردوە. نامەکەت چەندین جار و چەندین جار و چەندین جار خوێندەوەو درۆم نەکردووە ئەگەر بڵێم، کە بڕیارمدابوو لە چوارچێوەی بگرم و بەدیواری ژوورەکەمدا هەڵیواسم.

نامەکەتان زۆر خۆشحاڵیکردم و خۆشحاڵ لەوەی کە تەنگوچەڵەو نیگەرانییەکان نەماون. ماڵی نوێتان پیرۆز!

حاڵی منیش زۆر باشە. خۆشبەختانە بەراسپاردەی ئێوە لەلایەن جەنابی پاشاییەوە بڕی 30 پاوەندم پێگەیشت، کە ئەوەش زۆر شادی بەخش بوو، چونکە لەم ماوەیەدا نزیکەی ئەو بڕە قەرزداری هاوڕێیانی وەکو جەنابی سەرۆکی بانك بووم، بەڵام بەهەرحاڵ هیچ کاتێك لەرووی داراییەوە دانامێنم. ئێوە خەیاڵتان بەتەواوی ئاسودە بێت. لەراستیدا نازانم هاوینی پێشوو لە مانگی ئابدا بڕی 200 پاوەندم لەلایەن ئایدا گیانەوە پێگەیشت، چونکە پارەی مانگی دواتر بە دەستم نەگەیشت وامزانی کە 200 پاوەندی بۆ دوومانگ بۆناردووم، بەڵام چەندین رۆژ لەمەوبەر نامەیەکم لە بانکەوە بۆ هاتبوو کە نوسرابوو ئەو بڕە تەنیا 100 پاوەند بووەو بانك بەهەڵە لە حسابەکەمدا 200

پاوەندی تێکردووەو بەڕێزەوە بڕی 100 پاوەندیان لە حسابی بەڕێزتان کەمکردەوە.
بەهەرحاڵ باوکەگیان، من حاڵم زۆر باشە و دڵشادو سەلامەتم و خۆشحال لەسەلامەتی و وەرگرتنی پێداویستی ژیانتان و سەربەرز و لەخۆبایی بە سەرکەوتنتان. پشوەکانی جەژنی پاکم لە مڕۆوە دەستپێدەکات و بۆماوەی سێ هەفتە دەچم بۆ لەندەن و ناونیشانەکەمتان لە پشتی نامەوە بۆ دەنوسم. هەڵبەتە لەدوای سێ هەفتە دەگەڕێمەوە بۆ شارو شوێنی خۆم Hudders Field، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەگەر کارێکتان هەبوو لە درێژەی ئەم ماوەیەدا من لەم ناونیشانەم لە لەندەن.
لەبارەی سودی گیانەوە بۆتان بنوسم، ماوەی نزیکەی سێ هەفتەیەك لەگەڵ مندابوو، پاشان چوو بۆ لەندەن، چونکە جەنابی شاهین پەر رۆیشتەوە بۆ ئێران. 10 رۆژێك لەماڵی ناسر خان بوو و ئێستا چەند رۆژێکە کە لای هیلنی خۆشەویستمەو من بەڕێوەم بۆ لەندەن تا بەڵکو بتوانم خانویەك بۆ سودی گیان پەیدابکەم. راستیتان دەوێ هەر ئێستا ئەم نامەیەتان لە نێو شەمەندەفەر بۆ لەندەندا بۆ دەنوسم. کارەکەی سودی گیان جێبەجێ نەبووەو خۆتان خەڵك دەناسن، من زیاتر هەستدەکەم  کە هەمووی بەڵێن و بەڵێن کاری بێت و کەس نەتوانێت یارمەتی بدات، بەڵام راستیتان دەوێ، من ناوێرم بە سودی بڵێم- نامەوێ دڵی سارد بکەمەوە. کار پەیداکردن لەم وڵاتەدا،  کە بۆ خۆشیان نزیکەی دوو ملیۆن بێکاریان هەیەو تەنانەت سودی گیان مۆڵەتی کارکردنیشی نییە، کەمێك زەحمەتە. لەبارەی کارکردن

له باڵوێزخانەی ئێرانیش خۆتان دەزانن بەم ئاسانیە نییە و ئێرانیەکانیش تەنیا یەك شت زۆر شـارەزان- بەڵێن و بەڵێن کاری. راستیت دەوێ و بەینی خۆمان بێت، هەست ناکەم سودی گیان ئەسڵەن بتوانێت لێرە تاقەت بگرێت . ژیان لێرە سادەنییە. له هەمووی گرنگتر هەستناکەم بتوانرێت لێرە کارێك بۆ سودی گیان دابین بکرێت و پێیانوتم کە شەمی گیان وتویەتی، کە ناتوانن هەموو مانگێك بە بەردەوامی پارەی بۆ بنێرن. ئیتر ئەمەی، کە دەبێت رابێت بە تەنیا بژی، ئەمەش بۆخۆی ئاریشەیەکی گەورەیە.

بەڵام بەهەرحاڵ من هەر کارێك کە بتوانم بۆی دەکەم، ئێوە خەیاڵتان ئاسودە بێت.

لەماوەی پشووەکاندا دەبێت بۆ تاقیکردنەوەکانیشم کاربکەم و بخوێنم.

له باتی من ئایدا باشەکەم ماچ بکە و نازانی چەندە خۆشحاڵم کە له ئێران هاتوویتە دەرەوە.... هەموو کەسێك ئەم بەختەوەرییەی نییە!!

ئاگاتان له خۆتان بێت

کارتێکم بۆ بنێرەو زۆر خۆشحاڵم بکە

چاوت ماچ دەکەم و دەستت دەگوشم

سامان

**سێشەممە 12 نیسانی1977**

**باوکی ئازیز و ئایدا باشەکەم**

هیوادارم حاڵتان باش باش بێت و ئارەزووەمە لەهەر شوێنێکیت باش و شاد و سەلامەت بیت.

حاڵی منیش زۆر باشە و شاد و دڵخۆش، ئەمڕۆ نزیکەی هەفتەیەکە لە لەندەنم و سودێکی تەواو لە پشوەکانم وەردەگرم. ئەگەر هەواڵی سودی گیانتان دەوێ، وا نزیکەی پێنج رۆژە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران. بەڵێ، گەڕاوەتەوە بۆ ئێران.

راستییەکەی هەستدەکەم، کە هەندێك کێشە لەبارەی کارو خەرجی مانگانەیەوە هەبوو، کە بووە مایەی رۆیشتنی، چونکە هەستدەکەم ئەگەر بکرێت لە تاران کەسێك پەیدا بکەن کە رێکخراوێك، کارگەیەك، بانکێکی لە لەندەن هەبێت زۆر باشتر دەبێت ، کارەکەی جێبەجێ بکەن، چونکە لێرە لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە بەهیچ شێوەیەك مۆڵەتی کارکردن نادات.

بەهەرحاڵ باوکە، ناونیشانی لەندەنم لە نامەی پێشوومدا بۆ نوسیون، بەڵام من بەهەر شێوەیەك تا دوو هەفتەی تر دەگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم (هادرز فیلْد)).

بەڕاستی چاوی هەردووکتان ماچ دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

قوربانتان بم

سامان

**یەکشەممە 22 ئایاری 1977**

**بابە و ئایدای ئازیزم**

سڵاو، ماوەیەکی زۆرە هەواڵتان نازانم. بەهەرحاڵ بڕیارمدا چەند دێڕێکتان بۆ بنوسم و لە حاڵتان بپرسم و لەحاڵی خۆم ئاگادارتان بکەمەوە. ئومێدەوارم حاڵتان باش بێت و شوێن و مەکانتان خۆش بێت و سەرئێشەو گیرگرفتی مانەوەو (ئیقامە) و ڤیزاو هتد... تان نەمابێت. نازانم ئەو نامەیەی کە لە وەڵامی نامەکەتاندا نوسیبوم بەدەستتان گەیشت یان نا؟، بەڵام ئومێدەوارم کە ئەم کارتەتان بەدەستبگات و هەرچی زووترە من لە حاڵ و ئەحواڵتان لە رێگەی کارتێکەوە ئاگاداربکەنەوە. حاڵی من زۆر باشە و دڵشادم. لەلایەن جەنابی پاشاییەوە بە بڕی 100 پاوەند چەکم بەدەست گەیشت- سوپاس. وانەو مەشق و ژیانیشم لەسەر رێی خۆیەتی و کەموکوڕی و فکرو خەیاڵم نییە تەنیا ئومێدەوارم کە حاڵتان باش بێت. من لە حاڵی خۆتان ئاگاداربکەنەوە. تاقیکردنەوەکانم هەفتەیەکی دیکە دەست پێدەکات و بەراستی سەرقاڵم و نزیکەی مانگێکی تریش پشووەکانی هاوینم دەستپێدەکات. هێشتا بڕیارم نەداوە کە چی دەکەم، بەڵام دەچم بۆ لەندەن و رەنگە بۆ هاوین ئەگەر توانیم کارێك بدۆزمەوە، بەڕێکەوت پشوەکانی کۆتایی ئەم هەفتەیەشم بۆ لەندەن رۆیشتم و دیدارم لەگەڵ هاوڕێیان تازەکردەوەو لای هیلنی خۆشەویستم مامەوە. لەراستیدا ئەمڕۆ رۆژی لە دایکبوونم بوو دیاری بۆ کڕیبوم. تەنانەت بۆخۆشم نەمدەزانی.

قوربانتانبم - سامان

**شەممە 28 ئایاری 1977**

**سامانە باشەکەم**

کارتەکەت گەیشت و پێش ئەوەش نامەکەت گەیشتبوو. چونکە نوسیبووت، سەرگەرمی خولانەوەی ئێرەو ئەوێی، پەلەم لەوەڵامدانەوەی نەکرد.

خۆشحاڵم کە حاڵ و رۆژت باش و دۆخەکانت روو لە باشییە.

خاڵێك کە تا لەبیرم نەچووە بۆت بنوسم ئەمەیە:

نوسخەیەکی تازەی حافز پەیدابووە کە لە هیند چاپیانکردووە. ناونیشانی ئەو کتێب فرۆشیەی لەندەنم لایە:

FOYLS, BOOKSHOP Charring Cross Road

لە نیشانەکانی کتێبەکەش تەنیا ئەوە دەزانم، کە لەسەر کاغەزێکی بەدەر لە کاغەزی سپی چاپ بووە. هەر ئەمەو بەس. ئێستا هەندێك بگەڕێ و بزانە دەتوانی ئەم نوسخەیەم بۆ پەیدا بکەی یان نا- بە کورتیەکەی راسپاردەی زیاترم نییە.

لەبارەی دۆخی خۆت و کارتەوە بۆم بنوسە. پاشایی نوسیبووی پارەی مانگی پێشووتی کەمێك درەنگتر ناردووە، بەڵام ئەم مانگە بە پێچەوانەوە زووتر ناردوویەتی.

ئایدا باشەو زۆر سەلامت لێدەکات.

هەر ئەوەندە، کە هەموو هەفتەیەك یان پانزە ڕۆژ جارێك کارتێکم بۆ بنێرە، سوپاست دەکەم. سڵاوی من بە هیلنی هاوڕێت بگەیەنەو ئەگەر توانیتان بۆ هاوین وەرن بۆ ئەمەریکاو لای من بمێننەوە.

قوربانتم

**دوشەممە 13 حوزەیرانی 1977**

**باوکە و ئایدای باشم، سڵاو**

ئەو نامەیەی کە بۆتان ناردبووم بەدەستم گەیشت. لە سەلامەتیتان زۆر خۆشحاڵم و لەوەی کاروبارەکانتان روو لە باشیە خۆشحاڵتربووم.

لەخۆمەوە بۆتان بنوسم. حاڵم باشە و خۆشحاڵ و بە کەیف. تاقیکردنەوەکانم نزیکەی دوو هەفتەی لەمەوپێش تەواو بوو، ئەنجامەکەشی لە کۆتایی مانگی ئابدا وەردەگرمەوە، بەڵام بە گشتی لە تاقیکردنەوەکانم رازیم. بۆ باری دارایش کە لەلایەن جەنابی پاشاییەوە دوو مانگە پەیتا پەیتا پارەم وەرگرتوەو خۆشم چەند دێڕێك نامەم بۆنوسیوەو پێکەوە لە پەیوەندیداین، لەبارەی گەیشتنی پارە لەڕێی نامەوە سوپاسمکرد.

لەدوای تاقیکردنەوەکانم، دوو هەفتە لە پشوودا بووم. لەسەرەتای مانگی حوزەیران تا دوانزەی حوزەیران کە دوێنی بوو، ئەم ماوەیە بۆ چووم لەندەن و لای هیلن بووم، چونکە دەوامی کۆلێژەکەم لە سبەینێوە دەستپێدەکاتەوە. دوێنێ بۆ شارەکەی خۆم ((هادرزفیلد)) گەڕامەوە. نزیکەی مانگێکی تر بەشێوەیەکی گشتی پۆلۆتەکنیك بۆ پشوەکانی هاوین دەبێتە پشوو (لە دوانزەی مانگی تەمموز بە دواوە) لەم ماوەیەدا بۆماوەی مانگێك لە پۆلۆتەکنیك دواتاقیکردنەوەکانی ساڵی یەکەمە، کە دەبێت ئەوکارانەی لە ماوەی ساڵەکەدا لەرووی هونەری و نیگارکێشی و نەخشەکێشانەوە

کوتاڵچنی و هتد. ئەنجامانداوە.. وەکو پێشانگایەکی بچووك رێکبخەین بۆ سەردانی تاقیکەرەوەکان. لەدوای دوانزەی تەمموزەوە دەچمەوە بۆ لەندەن و لەوێ دەبم و رەنگە کارێك بدۆزمەوە و بۆ هاوینەکەی سەرقاڵ بم. هەڵبەتە ئەگەر کار پەیدابکەم. من ناونیشانەکەم، کە لە لەندەن لای هیلن م، بۆتان دەنوسم.

هەڵبەتە هەرکاتێك رۆیشتم، خـۆم ئـاگـادارتـان دەکــەم. ئەمەش ژمـارەی تەلەفۆنەکەمە:...... لە لەندەن.

ئیتر ئەمەی کە لە رۆژانی مانەوەم لە لەندەن بەردەوام لەگەڵ سودی گیان و قەمەر گیان بووم- بەڵێ! قەمەر گیان و سودی گیان هاتبوون بۆ لەندەن. قەمەر گیان بۆ پشکنین و چارەسەر بۆ لەندەن هاتبوو، چونکە بەتەنیا بوو، سودی گیانیش لەگەڵیدا هاتبوو بۆ لەندەن. لەبەرئەوەی ئینگلیزییان باش نەدەزانی، من لەگەڵیاندا چووم بۆلای پزیشك و یارمەتیمدان. پزیشك دەیوت کە لەو چەند مانگەی دواییدا جەڵدەیەکی سوکی دڵ لێیداون و ئێستا حاڵیان زۆر زۆر باشترەو دەبێت ئیسراحەت بکەن و بەدەرمان تەندروستییان باش دەبێـت. ئێستاش هەر لە لەندەنن و چەند رۆژێکی دیکە بۆ ئێران دەگەڕێینەوە. بەنیازم بەیانی تەلەفۆنیان بۆ بکەم و بزانم وەڵامی دکتۆر چی بووە؟ و ئایا پێویستە کە زیاتر بمێننەوە یان نا؟ ئەم دکتۆرە یەکێکە لە هاوڕێیانی دکتۆر ...... و هەرئەویش، ئەم دکتۆرەی بە سودی گیان و قەمەر گیان ناساندووە. بەهەرحاڵ، هەستدەکەم دکتۆر تەنیا پشووی زیاتر بە

قەمەر گیان بدات و بەس.
باشە باوکە سەبارەت بەو کتێبەی کە داوات کردبوو، من ئەم هەفتەیە بە پاسێکی تایبەتی خوێندکارانی زانکۆ دەچم بۆ لەندەن و خۆم ئەم کتێبخانەیەی کە بۆت نوسیبووم، شارەزام.
ئەم کتێبخانەیە، گەورەترین کتێبخانەی بەریتانیاو دنیایە. ئەم هەفتەیە خۆم دەچم بۆ ئەوێ و بەڵکو بتوانم کتێبەکەتان بۆ پەیدا بکەم و بۆتان بنێرم، بەڵام نەتنوسیبوو کە کتێبەکە بە چ زمانێك بڵاوبۆتەوە و ناوی چییە، بەڵام بەو نیشانانەی کە بۆت نوسیبوم، ئەم هەفتەیە هەوڵدەدەم بۆتان پەیدا بکەم، بەڵام بەهەرحاڵ ئەگەر هەندێ نیشانەی زیاتر بدەیت، جگە لە رەنگی کاغەزەکەی، باشترە!. لێ بەهەرحاڵ من هەوڵی خۆم دەدەم و ئەنجامەکەیتان بۆ دەنوسم. باشە باوکە، ئیتر هیچم بۆ وتن نییە، جگە لەوەی، کە چاوی ئایدا گیان ماچ بکەیت و چاك و چۆنی لە هەموویان بکەیت. ئاگاداری خۆتان بن و من لە حاڵی خۆتان ئاگاداربکەنەوە و خۆشحاڵم بکەن.
بە ئومێدی دیدار
دەستتان دەگوشم و چاوتان ماچ دەکەم

سامان

ئەگەر کارێکتان هەبوو بۆم بنوسن.

**دووشەممە 27 حوزەیرانی 1977**

**باوکی ئازیزو ئایدای جوان**

سڵاو، هیوادارم کە سەلامەت بن و گیروگرفتەکانتان لەبارەی مەسەلەی مانەوەو مەسەلەکانی تر چارەسەر بووبێت و بەباشی و خۆشی جێگیربووبن.

حاڵی منیش زۆر باشە و خۆشحاڵ و سەلامەتم. تا دوو هەفتەی دیکەش بەشێوەیەکی گشتی بۆ پشوەکانی هاوین دەستبەتاڵ دەبم، تا کۆتاییەکانی ئەیلول. بۆ پشوەکانم لە لەندەن دەبم، کە ناونیشانەکەم لە پشت زەرفەکە یان لەسەر زەرفەکە بۆنوسیون.

لەبارەی ئەو کتێبەی کە داواتکردبوو هەوڵی خۆمداو بەداخەوە لەدوای سەعاتێك گەڕان لە کتێبخانەی FOYLS نەمتوانی کتێبەکە پەیدابکەم. دەبێت ناوی نوسەری کتێبەکە یان ناوی کتێبەکە بزانم. لە پێڕستی ئەو کتێبانەی لە بارەی حافزەوە لایانبوو، ئەو جۆرە کتێبە نەبوو کە لە هیند چاپکرابوو. ئەگەر ناوی نوسەری کتێبەکە یان ناوی کتێبەکەم بۆ بنێریت رەنگە بتوانم کارێك بکەم، بەڵام بەداخەوە بەو ناونیشانانەی کە بۆت نوسیبوم، نەمتوانی پەیدای بکەم.

راستییەکەی قەمەر گیان و سودی گیانیش گەڕاونەتەوە بۆ ئێران و قەمەرگیان نزیکەی سێ مانگی دیکە بۆ پشکنین دێتەوە بۆ ئێرە. دکتۆر تەنیا پێشنیازی ئیسراحەتی بۆکردووەو پێویستە 10 تا 15 کیلۆ کێشی دابەزێنێت.

حاڵی ئێوە چۆنەو خەریکی چین. چەند دێڕێکم بۆ بنوسن و لە حاڵی خۆتان ئاگادارم بکەنەوە. پێدەچێ زۆر سەرقاڵ بن و کارو ژیانی نوێ و خەڵکی نوێ و شوێنی تازە دەرفەتی زۆرتان پێ نەدات. ئومێدەوارم کە سەلامەت بن. خۆشحاڵم کە پێکەوەین و ئاگاتان لە یەکترییە.

باشە باوکە ئیتر شتێکی تازە نییە. لەبارەی منەوە خەیاڵتان زۆر ئاسودە بێت. حاڵم باشەو زۆر سەلامەتم. ئاگام لە خۆمە. وانەکانم باشەو دنیایەك لە بەش و وانەکەم رازیم و چێژ وەردەگرم. کۆمەڵێك هاوڕێی باشم هەیە و لەبارەی پارەشەوە کێشەم نییە. لەهەواڵی خۆم بێئاگاتان ناکەم. لە 12ی مانگی تەممووزەوە بۆ لەندەن دەچم و لای هیلن دەبم و رەنگە کارێك بدۆزمەوە.

ئایدای ئازیزم ماچ بکە.

ئارەزووی خۆشبەختی و سەلامەتیتان بۆ دەخوازم.

قوربانتان بم

سامان

**یەکشەممە 31 تەمموزی 1977**

**باوکی ئازیزم و ئایدای باش. چاوتان ماچ دەکەم.**
ئومێدەوارم کە حاڵتان باش بێت و خۆشحاڵ بن. حاڵی من باشەو زۆر شادمان و خۆشحاڵم. هەواڵێکی خۆشم پێیە بۆتان، ئەویش ئەوەیە کە دوێنێ ئەنجامی تاقیکردنەوەکانم وەرگرتەوەو لە سەرجەم تاقیکردنەوەکاندا دەرچووم. ئەو وێنەیەی کە بۆم ناردوون، وێنەیەکە لە پێشانگای کارەکانمدا گرتومە، کە لە هۆڵی پۆلۆتەکنیك ڕێکخرابوو.
ئەمڕۆ نزیکەی هەفتەیەکە لە شارەکەمەوە هاتومەتە لەندەن. سیاوەشیش چەند ڕۆژێك لای من بوو، پێکەوە دیدارمان نوێ کردەوەو ئەم چەند ڕۆژە بەردەوام پێکەوە بووین، تا ئەوەی کە پسوڵەی ئۆتۆمبێلەکەی لە ئەمەریکاوە هات و بۆ وەرگرتنی ئۆتۆمبێلەکەی بەرێکەوت بۆ ئەڵمانیا. خۆشم لەگەڵیدا چووم بۆ وێستگەی شەمەندەفەر. دەبێت ئێستا لە نیوەی ڕێ بێت. لەنێوان ئەڵمانیا و ئێران! هێشتا پەیوەندی پێوە نەکردووم، بەڵام بڕیارە لە دەرفەتێکدا تەلەفۆنم بۆ بکات و هەواڵی گەیشتنیم پێ ڕابگەیەنێت. لەو ماوەیەی کە لێرە بوو بەردەوام دەچوو بۆ شتکڕین و نزیکەی سێ جانتای پڕی لێرەوە لەگەڵ خۆیدا بردەوە. هیوادارم کە بێ سەر ئێشە لە سنورەوە تێپەڕێت. دیداری خۆشحاڵکەرەبوو، چونکە نزیکەی سێ ساڵ دەبوو کە

نەمدیبوو، کاتێك کە بۆ یەکەمجار یەکترمان بینییەوە، کەمێك هەستمان بە نامۆیی دەکرد و ڕەنگە تا ڕادەیەکیش پێکەوە خۆمان بەیەکتری ناساندبێت و خۆشبەختانە لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا ئەم هەستە نامۆییە ڕەوییەوە.

سیاوەش دەنگوباسی ئێوەی بۆ هێنام  و خۆشحاڵ بووم بەوەی کە ڕۆژگارتان باشەو سەلامەتن،.

لەبارەی خۆمەوە بۆتان بنوسم، کە خۆشبەختانە لە لەندەن کارم پەیدا کردووەو لە کۆگایەك فرۆشیارم. هەڵبەتە هەنوکە وتویانە کە فرۆشیارێکی هەمیشەییان پێویست نییەو لەڕاستیدا من تەنیا شەممان کاردەکەم. ڕازی و سەرقاڵم، چونکە لە بێکاریدا بیتاقەت دەبم، ڕەنگە لە هەفتەکەی دیکەوە بە بەردەوامی سەرقاڵی کار بم، چونکە بە ڕۆژێك لە هەفتەدا زۆر ڕازی نیم و کاتەکانی تری هەفتە بێکارم. هیلنیش حاڵی باشەو هەموو ڕۆژێك دەچێتە سەرکار. لە کۆمپانیایەکی دیزاینی جلوبەرگ کاردەکات. دیاری بۆ سیاوەشیش دەبرد ، هیلن لە کارگەکەی جلوبەرگی بۆ کڕی، چونکە نرخەکەیان بۆ ئەو دادەشکاند.

نیازمان وایە بۆ ماوەی دوو هەفتە بچین بۆ یۆنان. هەڵبەتە بلیتی سەفەرکردنمان نزیکەی سێ مانگ لەمەوپێش کڕیوەو لە ڕاستیدا مێژووەکەی ڕوون نییە، بەڵام ڕەنگە سەرەتای مانگی  ئەیلول بێت.

باوکە لە ڕاستیدا ئەو نامەیەی کە پاشکۆی ئەم نامەیەیە، دوێنێ لەلایەن

پۆلۆتەکنیکەوە لەگەڵ ئەنجامی تاقیکردنەوەکانمدا وەرمگرت، کە باسی زیادکردنی مانگانەی خوێندنیان بۆ ساڵی ئایندە کردووە. لەماوەی چوار ساڵ مانەوەم مانگانەی خوێندنم لە 150 پاوەندەوە بۆ 700 پاوەند زیادیکردووەو هۆیەکەشی هەڵاوسانی ئابوری و هەژاری ئەم وڵاتە بووە.

باوکە گیان، سەبارەت بە کتێبەکەی حافزیش، مەبەستم لە نوسینی ناونیشانەکانی کتێبەکە، نوسەرەکەی (حافز) نەبووە! مەبەستم دەزگای چاپ یان ناوی ئەو کەسەیە کە شیعرەکانی حافزی کۆکردۆتەوەو کردویەتی بە کتێب، بەڵام بەهەرحاڵ من دووبارە سەرێکم لە FOYLS (کتێبخانەکە) دایەوە، بەڵام لەو کتێبانەی کە بە فارسی چاپکراوە تەنیا چەند فەرهەنگێکیان هەبوو هیچ کتێبێکیان بە فارسی لەبارەی حافزەوە لانەبوو.

باشە باوکە ئیتر لەراستیدا قسەیەکم نییە، لە دەنگوباسی خۆتان بێ ئاگام مەکەن. ئەگەر هەرچییەکتان لێرە ویست ، بۆم بنوسن تا بۆتان بنێرم. لەبارەی منەوە خەیاڵتان ئاسودەبێت. دۆخەکانم روو لە باشیەو حاڵم باش بساشە و بە کەیف و سەلامەتم و بە باوکمەوە سەربەرزم.

چاوی ئایدام ماچ بکە.

قوربانتتان بم

سامان

**چوارشەممە 24 ئابی 1977**

**باوکە و ئایدای ئازیزم، سڵاو،**
ئەو کارتەی کە بۆتان ناردم دنیایەك خۆشحاڵیکردم و لەوەش خۆشحاڵتر ئەوەبوو کە حاڵتان باشەو نەخۆش نین.
حاڵی من باش باشەو شادمانم. هەواڵێکی زۆر سەیرم لایە بۆتان و ئەویش ئەوەیە کە دایکم و ساقی بۆ چەند هەفتەیەك هاتونەتە لەندەن! و هەفتەی داهاتووش دەگەڕێنەوە بۆ ئێران. واتە دوو رۆژ بە لە رۆیشتنی من و هیلن بۆ یۆنان. هاتنی دایکم بۆ من مایەی خۆشحاڵی بوو تا رادەیەکیش بووە مایەی ئاسوودەبوونی خەیاڵم. خۆشحاڵم کە پارەی بەدەستهێنابوو بە قەولی خۆی توانی (فەرەنگ[1]) ببینێ و لەدوای سێ ساڵ یەکتریمان بینیەوە. باشە، دایکیشمان پیر بووەو خۆشحاڵی و ئاسودەیی خەیاڵی، ئاسودەیی خەیاڵمانە، تەنیا بە هەڵسوکەوتیدا دیارە نیگەرانی تەندورستی ساقییە. سەفەرە کورتەکەیان و بینینی هەندێ شوێنی تازە، بەگشتی بووە مایەی دڵگەرمی و خۆشحاڵیان.
بەهەرحاڵ لەبارەی خۆمەوە بۆتان بنوسم، هەروەکو بۆم نوسین، سەرقاڵی ئیشکردن بووم و ئەم هەفتەیە دواهەمین هەفتەی ئیشکردنمە، چونکە دووشەممە سێی ئەیلول لەگەڵ هیلندا بۆ ماوەی دوو هەفتە دەچین بۆ یۆنان. هەڵبەتە خێوەت

و پێداویستییەکانی کەمپیش لەگەڵ خۆماندا دەبەین، بەڵکو لەوێ تۆزێك هەتاو ببینین. ئەمساڵ هاوینی لەندەن تارادەیەك وەکو زستانی باکوری وڵاتی خۆمان بوو، بــەردەوام باران بوو. لە یۆنانەوە کارتتان بۆ دەنێرم. بێخەمبن. لەبارەی مانگانەی کۆلێژەکەمەوە پرسیارتان کردبوو. ئەگەر بیکەنە حسابەکەمەوە خۆم ناوم تۆماردەکەم و ئیدی پێویست ناکات بنێردرێت بۆ کۆلێژ. تا کۆتاییەکانی مانگی ئەیلول دەبێت ناوم تۆمار بکەم، واتە نزیکەی چوارهەفتە (یەك مانگ) کات هەیە. نەمزانی پاشایی هاتووە بۆ ئەوروپا و پێی ڕانەگەیاندووم، بەڵام بەردەوام لەرێی نامەوە دەنگوباسی خۆم پێڕاگەیاندووەو خۆشم لە دواهەمین نامەدا ناونیشانەکەی لەندەنم بۆ نوسیوەو دەبێت ناونیشانی لەندەنم بزانێت، لە ڕاستیدا لێی بێ خەبەرم و هەواڵی نازانم، بەڵام بەر لە ڕۆیشتن، خۆم یاداشتێکی بۆ دەنوسم تا ئەگەر بەدوامدا گەڕا بیگەیەننە دەستی و ئێرە رادەسپێرم.
باشە، باوکە، من ئیتر قسەم نییە، چاوی هەردووکتان ماچ دەکەم و دەستتان دەگوشم. لەبارەی منەوە بێخەم بن.
هیلن سڵاوێکی دوورو درێژتان لێدەکات.
بەئومێدی دیدار

قوربانتان بم
سامان

1- فەرەنگ، بەواتە ئەوروپا بەتایبەتی فەڕەنساو بەریتانیا.

**بابە و ئایدای ئازیزم**[1]

سڵاو، ئومێدەوارم کە حاڵتان باش باش بێت و لەشساغ بن. ڕەنگە تا ئێستا نامەی پێشووی منتان بەدەستگەیشتبێت. بەهەمان شێوەی کە دەزانن دووشەممەی داهاتوو (پێنجی ئەیلول) من و هیلن بۆ ماوەی دوو هەفتە دەچین بۆ یۆنان تا 19 ئەیلول.

لەبارەی سیاوەشیشەوە، دوێنێ لە ئێرانەوە تەلەفۆنی بۆکردم و خۆشبەختانە بەخۆشی و سەلامەتی گەیشتۆتەوە تاران و حاڵی هەموویان باشە.

دایکم و ساقیش دوو سێ ڕۆژی دیکە لەسەر ڕۆیشتنەوەن و خۆشحاڵم کە کاتەکەیان بەخۆشی بەسەربرد.

بەڕاست ژمارەی تەلەفۆنەکەتانم بۆ بنوسن.

قوربانتان بم

سامان

---

1-مێژووی مۆری کارتەکە 30 ئابی (1977)ە.

**بابە و ئایدای ئازیزم**[1]

ئەم کارتەتان لە کورفوی دورگەی یۆنانییەوە بۆ دەنێرم. پێویستە خۆتان لێرەبن تا بزانن چەند جوانە!.

ئێمە پێرێ هاتینە ئێرەو کاتەکەمان لەیەکێك لە گوندە بچوکەکانیدا بەسەر دەبەین. خەڵکێکی زۆر باش و خواردنی باش و هەرزان و ئاووهەوای خۆش پشووەکانی بەتەواوی بۆ چێژ بەخش کردووین.

بەداخەوە دووشەممەی داهاتوو دەچینەوە بۆ لەندەن.

قوربانتان بین

سامان و هیلن

---

1-مێژووی مۆری کارتەکە 10 ئەیلولی (1977)ە.

**پێنج شەممە 22 ئەیلولی 1977**

**بابەو ئایدای ئازیز،**

سڵاو، ئومێدەوارم کە سەلامەت و باش بن. حاڵی منیش باشەو سەلامەتم. دوو ڕۆژە لە یۆنان گەڕاومەتەوە. هیوادارم ئەو کارتەی کە لەوێوە بۆم ناردن بە دەستتانگەیشتبێت. کاتێکی زۆر خۆشمان بەسەربرد، شوێنێکی گەلێك جوانە. ئومێدەوارم ڕۆژێك بتوانن ئێوەش بیبینن. دورگەیەکی چکۆلە بوو ئێمە بۆماوەی دوو هەفتە لە دوو شوێنی جیاوازی بووین. ڕۆژانە لە سەعات (10)ی بەیانییەوە تا (6-7)ی ئێوارە لە کەنار دەریا بووین و مەلەمان دەکردو لەبەر خۆرەتاوبووین. پاشان بۆ نانخواردنی ئێوارە دەچووینە کافیەکی بچوکی نزیك کەنار دەریاکە.

خۆشبەختانە ئێمە زۆر خۆشبەخت بووین، کە هەمیشە دەمانتوانی ژووری زۆر باش و هەرزان پەیدا بکەین. خواردنی باش و زۆر هەرزان بووە هۆی ئەوەی کە چەند کیلۆیەك قەڵەو بم و بەشێوەیەکی ئاسایی هەموو شەوێکیش بەخۆشی ئێوەوە دەمانخواردەوە. لە یۆنان شەراب وەکو ئاو دەخورێـتەوەو تەنانەت بتڵێك شەرابی چاك تەنیا بایی 2 تا 3 ثمەنە. بە کورتییەکەی زۆر شوێنێکی خۆش و جوانە. تەنیا کاتی گەڕانەوە بەهۆی مانگرتنی کارمەندانی فڕۆکەخانەوە، سەعاتی فڕینمان بۆ لەندەن (9) سەعات دواکەت و سەعات (4)ی بەیانی گەیشتینە لەندەن، کە کەمێك

ماندووکەرە بوو، بەڵام بەدەر لەم دواکەوتنە زۆر خۆش گوزەشت.
کۆتایی ئەم هەفتەیە پشوەکانی هاوین تەواو دەبێت و دووبارە لە دووشەممەی داهاتووەوە پۆلۆتەکنیك دەکرێتەوە بۆ تۆمارکردنی ناوی ساڵی نوێی خوێندن. من ئێستا لە لەندەنم. تا چەند رۆژێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم. نامەو کارت بنێرن بۆ ناونیشانەکەی خۆم نەك بۆ ناونیشانی لەندەن.

ئەوەی راستی بێت لەکاتی رۆیشتنم بۆ یۆنان نوسراوێکم بۆ پاشایی لەماڵەوە بەجێهێشت تا ئەگەر هاتە لەندەن و سەری لەمندا نوسراوەکە ببینێ، بەڵام دەڵێی بەهیچ شێوەیەك نەهاتووە بۆ بەریتانیا.

باشە باوکە من ئیتر قسەی دیکەم نییە. بەڕاست ژمارەی تەلەفۆنەکەتانم بۆ بنوسن با لام بێت. ئەمە ژمارەی تەلەفۆنی لەندەن ..... ە، بەڵام تەنیا چەند رۆژێکی تر لێرەم و لەشارەکەی خۆم تەلەفۆنم نییە.

لەبارەی منەوە بێخەم بن. ئایدام ماچ بکەو سڵاوی پێبگەیەنە. چاوت ماچ دەکەم و دەستت دەگوشم.

قوربانتان بم

سامان

**سامانی ئازیزم** [1]

نامەکەت لە یۆنانەوەو کارتەکەت لە بەریتانیاوە (هەڵبەتە بەپێچەوانەوە) گەیشت. خۆشحاڵم بەوەی کاتەکەتان زۆر بەخۆشی بەسەربردووە. ماوەیەك لەمەوپێش لەڕێی دۆستێکەوە کە لە لەندەنەوە بۆ دیدەنی من هاتبوو بۆ ئەمەریکا و نیشتەجێی لەندەنە -ئاغای......- پارەم بۆ مانگانەی خوێندنگەکەت نارد، کە بەگوێرەی دوایین نامەی لەگەڵ گەیشتنی بۆ لەندەن کردویەتە نێو حسابی بانکیتەوەو ئومێدەوارم تا ئێستا بەدەستت گەیشتبێت. وایدابنێ لە ژمێریاریدا هەڵەی کردوەو لەباتی 700 پاوەند 699 پاوەند و نیو کراوەتە سەر حسابەکەت. ئەگەر هاوسەنگی داراییت تێکدەدات، بینوسە تا کەمیەکەی دابین بکەین. ژمارەی تەلەفۆنت داوا کردبوو، لە ژێرەوە بۆت دەنوسم و تا نامەی دواتر چاوت ماچ دەکەم، من و ئایدا هەردووکمان.

نیوجێرسی

---

1-مێژووی مۆری کارتەکە (4) تشرینی یەکەمی(1977)ە.

**بابەو ئایدای ئازیزم، سڵاو [1].**

ئەو کارتەی کە بۆتان ناردبووم، بە دەستمگەیشت. خۆشحاڵم کە سەلامەتن. حاڵی منیش باشەو لەشساغم. دوو هەفتەیە پۆلۆتەکنیك کراوەتەوەو زۆر سەرقاڵم. ئەو 699 پاوەندەی کە ئەسپاردەتان کردبوو چۆتە سەر حسابەکەم و لەبەرئەوەی پاشایی 100 پاوەندی مانگانەکەمی ناردووە دەتوانم ئەویشی بخەمەسەر و ناوم تۆماربکەم. خۆم کارتێکم بۆ پاشایی نارد و هەواڵی گەیشتنی حەواڵەکەیم پێڕاگەیاند. دەبێت هەفتەی داهاتووش بچم بۆ لەندەن بۆ کڕینی کتێبەکانی خوێندنم، لەبەرئەوەی لێرە کتێبخانەی وانەکانی خوێندنمانی لێ نییە. دەبێت بایی نزیکەی 20 پاوەندیش کتێب بکڕم. ئەم کارتەم بەپەلە بۆ ناردن تا هەواڵی گەیشتنی پارەی مانگانەکەتان پێبدەم و نیگەران نەبن. پێدەچێ نامەیەکی تێرو تەسەلترتان بۆ بنێرم.

چاوتان ماچ دەکەم

قوربانتان بم

سامان

---

1-مێژووی مۆری کارتەکە 10ی تشرینی یەکەمی (1977)ە.

**هەینی 13 کانونی دووەمی 1978**

**سامانە باش و نازدارەکەم.**

ئومێدەوارم حاڵی تۆی ئازیزم باش بێت و توانیبێتت لەگەڵ ئەو خەمەی کە بۆت دروستبووە بگونجێی. ئەمانە هەندێ شتن کە ناتوانرێت پێشبینی بکرێن و دەبێت هەمیشە بۆ رووبەڕووبونەوەیان ئامادەیی زەینیمان هەبێت. درەنگ و زوو کەوتووەو کەسمان نامێنێتەوە.

ماوەیەکی زۆرە هیچت بۆ نەنوسیوم. نازانم سەرەنجام لەبارەی ساقیەوە چ بڕیارێکت داوە، لەگەڵ خۆتدا هێناوتە بۆ لەندەن یان لە تاران ماوەتەوە، ئەگەر ماوەتەوە چۆن. لەهەموو حاڵەتێکدا پێویستە بیری لێ بکەمەوەو بەڵێنی پێبدەم. چونکە تۆ ناتوانی بە پولێکی کەمی خەرجی خوێندنتەوە، بەرگەی خەرجی ئەویش بگریت.

ئەگەر لەلای تۆیە لە باتی من ماچی بکەو سەرەخۆشی لێبکەو هەواڵم پێبدە تا نامەی بۆ بنوسم. لەبارەی هەلومەرجی خوێندنی خۆشتەوە بۆم بنوسە.

ئەو بەڕێزەی کە دەیەوێ لە لەندەن رۆژنامەیەك بە فارسی بڵاوبکاتەوە بەنیازە بۆ وتووێژێك لەگەڵ مندا تا کۆتایی مانگی کانونی دووەم بێت بۆ ئەمەریکا. ئەگەر

توانیمان لەسەر سەردێڕی بابەتەکان پێکەوە رێککەوین، رەنگە ئێمەش بۆ مانەوە بێین بۆ بەریتانیاو بەم شێوازە زۆربەی گیروگرفتەکان چارەسەر دەبن. لە ئێستادا چاوەڕێی هاتنی ئەو کەسەم. بابەتی زۆرم نییە، کە بینوسم، جگە لەوەی کە سڵاوی گەرمی من و ئایدا بە ساقی و هیلن بگەیەنە. بێگومان زووتر وەڵامی نامەکەم بدەرەوە کە هەم لە نیگەرانی دەرمبکات و هەم بشزانم باری داراییت چۆنە.

قوربانتم، کوڕە باشەکەم

## پێنج شەممە 16 شوباتی 1978

**سامانە نازدارەکەم.**

نامە پڕ سۆزەکەت گەیشت و تا رادەیەکی زۆر خەیاڵمی ئاسودە کرد، چونکە بێ ئەندازە نیگەران بووم. دۆخی ساقی، هەروەکو نوسیوتە، دەرفەتێکی زێڕینی بۆ هەڵکەوتووە کە بتوانێت لە بێتاقەتیەکانی کەمبکاتەوە و ئێستا، کە ناچار ئەو پەتە زۆر گرێدراوانەی دەست و پێی کراونەتەوە، بەقۆناغی بەهێزکردنی تواناکانی خۆی بگات و کەسێتیەکی سەربەخۆ بەدەست بهێنێت.

مژدەت بدەمێ، کە دۆخی ئێمەش دیاریکراوە. لانیکەم لەسەدا هەشتا. ئەو کەسەی کە پێشنیاری دامەزراندنی دەزگایەکی بەمن دابوو بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی گەورەی هەفتانە بەزمانی فارسی و چاپکردنی ئەوکتێبانەی کە لە ئێران بەهۆی بوونی سانسۆرەوە دەرفەتی چاپ و بڵاوکردنەوەیان نییە، بۆ خۆیشی هات بۆ ئەمەریکا و دە رۆژ پێکەوە گفتوگۆمان لەبارەی لایەنەکانی کاری خوێندنەوەکرد و سەرەنجام پێرێ گەڕایەوە بۆ لەندەن تا کارەکەی تەواو بکات، پاسپۆرتی مانەوەم بۆ وەربگرێت و بەلانیکەمەوە تا دوو مانگ و نیوی تر ئێمەشماڵمان دێت بۆ لەندەن. ئەو بەڕێزە ناوی ....ەو تەلەفۆنەکەشی .... خراپ نییە پەیوەندی پێوە بکەیت و ئاگات لە رەوتی کاروبارەکان بێت و ئەگەر پێت خۆش بوو، زانیاری

لەبارەی چوونە پێشی کاروبارەکان بەدەستبخەیت. نزیکبوونەوە لە ئێوەو بەتایبەتی نزیکبوونەوە لەتۆ دڵخۆشی و دڵنیایی زیاترم پێدەدات، لەبەرئەوەی من تۆم زیاد لەو پەیوەندییە سۆزو خۆشەویستیە خۆشدەوێ کە باوك هەیەتی. بۆئەوەی کە نامەکە لەرێی پۆستەوە بگات، (چونکە رەنگە ئێستا سەروکەللەی پۆستەچی گەڕەك پەیدا بێت) قسەکانم کورت دەکەمەوە. ئایدا ماچت دەکات و هەردووکیشمان تۆو ساقی و هیلن.

سڵاوی تایبەتیم پێیان بگەیەنەو سوپاسی جوامێری و باشیەکەی بکە، بڵێ ئەوانە هەندێ خەسڵەتن کە بە بڕوای من پێوەرو مەحەکی سەرەکی ئادەمیزادن و بەم هۆیەوە لە ئاشنابوونی تۆو ئەو، لە دڵەوە بۆ باشترین کوڕی دنیا، هەست بە خۆشبەختی دەکەم. بۆ ساقی گیان نامەیەکی جیام نوسیوە. هەمووتان هەزاران جار ماچ دەکەم.

باوکت

**یەکشەممە 26 شوباتی 1978**

**باوکی ئازیزم**

چەند رۆژێکە کە نامە جوانەکەتم بە دەستگەیشتووە. نازانی چەندە هەواڵی هاتنتان بۆ بەریتانیا خۆشحاڵیکردم. ماوەیەکی زۆر بوو کە هەواڵی خۆشم پێنەگەیشتبوو. نیازم وایە ئەم هەفتەیە لە لەندەن پەیوەندی بە ئاغای..... بکەم و ئاگاداربم و بزانم کاروبارەکانت چۆن دەڕواتە پێش. ئەگەر بێن، لێك نزیکبونەوەتان بە تەواوی دەبێتە مایەی ورەو ئاسودەیی خەیاڵی من. لەراستیدا ئەو نامەیەی کە بۆ ساقیت ناردبوو، زۆر خۆشحاڵیکرد و کاریگەری خۆی هەبوو. حاڵی خراپ نییەو هاتۆتەوە سەرخۆی، تەنیا لەبارەی دۆزینەوەی خوێندنی ئینگلیزییەوە هەندێ گیروگرفتم هەبوو، کە خۆشبەختانە نەمان و ئێستا بەشێوەیەکی کاتی دەچێت بۆ کۆرسی ئینگلیزی تا بەشێوەیەکی هەمیشەیی کۆرسی ئینگلیزی دەستپێدەکات. حاڵی ئێمەش خراپ نیەو سەلامەتین. بەهۆی هەندێك گیروگرفتی جیاوازەوە کەمێك لە وانەکان دواکەوتووم و بەنەمانی گیروگرفتەکان کاتی زیاترم دەبێت، کە قەرەبووی دواکەوتنەکان بکەمەوە.

خۆشبەختانە بۆ رۆژانی پشووەکانی جەژنی پاك چەند هەفتەیەك پشوم دەبێت

و دەرفەتێکی باشم دەبێ. هەڵبەتە ئەگەر ئێوەش تا ئەو کاتە بێن بە خەیاڵێکی ئاسودەترەوە کارەکەم ئەنجام دەدەم. بەهەرحاڵ نیگەرانی ئێمە مەبن. ئێمە وەزعمان باشە.

بەڕاست باوکە لەبیرتە نوسیبوم کە لەبارەی ساقییەوە شتێکمان کـردووە کە لەبەشە میراتی دایکمانەوە مانگانە شتێکی بۆ تەرخان بکرێت، چونکە بۆخۆی توانای دابینکردنی بژێوی ژیانی نییەو درەفەتێکە کە کەسایەتییەکی سەربەخۆ بۆخۆی دروستبکات و یارمەتیەك دەبێت بۆ هەموومان و ئاسودەیی خەیاڵی هەمووومان فەراهەم دەکات، ئەگەر بزانین ساقی بۆ هەمیشە لەڕووی داراییەوە دابیندەبێت. بەهەرحاڵ لەو کێشانەی کە لە ئێران رووبەڕووی بوینەوە، دیاریکردنی سەرپەرشتیاربوو بۆی، چونکە لەرووی یاساییەوە لە دوای دایك، باوك دەبێتە سەرپەرشتیاری منداڵەکە و بەلەبەرچاوگرتنی پێگەی ئێوە تەنیا ناچاربووین کە بڵێین باوکمان لەبەردەستدا نییە. هەڵبەتە تەلاقنامەی دایکم و ساقی یش یارمەتی نەدا بۆ لەئەستۆگرتنی و وادیارە کارەکان وەستاون. هەڵبەتە بەم دواییانە هەواڵی سیاوەش نازانم، چونکە ئەو پێدەچێت بەدوای کاروبارەکانەوە بێت، بەڵام مانگێك لەمەوپێش کە لێرە بوو، هەواڵی ئەوەی بۆ هێنام و وتی: ناتوانرێت رونکردنەوەیەکی شیاوی قبوڵکردن لەبارەی باوکەوە بدرێتە فەرمانگەی سەرپەرشتیاری، جگە لەوەی کە کارەکان ئاڵۆزتر دەکەن.

تاکە ڕێگەمان ئەوەیە، کە بەتەواوی وایدەربخەین کە جێ و مەکانتان نازانین، کە ئەوەش بۆ ئێمە گونجاو نییەو لەروانگەی ئێوەو پەیوەندیمانەوە لۆژیکی نییە و وێڕای هەموو ئەوانەش رەنگە زیان بە ناوبانگ و ناسراوی ئێوە بگەیەنێـت. بە هەموو شێوەیەك ئێستا ناتوانرێت هیچ جۆرە هەنگاوێك بنرێت. رەنگە تا ئێستا سیاوەش رێگەیەکی دۆزیبێتەوەو لەرێگەی واسیتە و واسیتەکارییەوە کارەکەی جێبەجێکردبێت. ئێوە ئاگادار دەکەمەوە. هەنوکە چاوەڕێی نامەی سیاوەشم.
دواهەمین هەواڵیش لە سیروسەوە ئەمەبوو کە بەداخەوە لە روانگەی خزمەتی سەربازییەوە ناتوانێت لە وڵات بچێتە دەرەوەو ئەگەر نەتوانێت کارێك بکات دەبێت تا کۆتایی ئەم مانگە بچێت بۆ سەربازی. هەڵبەتە، چونکە بەکالۆریۆسی وەرگرتووە زۆر قورس نابێت. بەهەرحاڵ دەبێت هەمیشە ئومێدەواربیت!!
باشە باوکە هیچی تازەم نییە پێت بڵێم، جگە لەوەی هەواڵی چاکبوونی کارەکان و هاتنت  دنیایەك خۆشحاڵی کردم و ئومێدەوارم هەرچی زووترە بتانبینم. چاوی ئایدام ماچ بکەو ئاگاتان لە خۆتان بێت.
ئێمە هەموو باشین. هیلن زۆر سەلامتان لێدەکات و ساقی چاوی هەردووکتان ماچ دەکات. بێ خەبەرم مەکەن و لەخۆتەوە نیگەران مەبە! باشە؟ چاوت ماچ دەکەم و چاوەڕێی دیدارتانم.

سامان

## باوکە ئازیزەکەم سڵاو[1]

ئومێدەوارم کە حاڵت زۆر باش بێت و ژیانت بەسەرکەوتوویی و بەختەوەری لەپاڵ ئایدا گیاندا بەسەربەن و هەر ساتێکی ژیان لە ساتی پێشوو شادتر بێت بۆتان. باوکە باشەکەم لەدوای ماوەیەکی دورو درێژ کە لە حاڵی یەکتری بێ ئاگا بووین، سەرەنجام نامە پر سۆزەکەتانم بە دەستگەیشت و بە بینینی  زۆر خۆشحاڵ بووم و زۆر مەمنونم بەوەی کە هێشتا لە بیری مندایت. حاڵی من زۆر باشە و ئێستا زۆر سەرقاڵی خوێندنم و ئەوەندەی لە توانامدایە هەوڵی خۆم دەدەم، هەڵبەتە ژیان لێرە زۆر زۆر زەحمەتە، بەڵام دەبێت بەرگەی هەموو شتێ بگریت، دڵم زۆر بۆتان تەنگبووەو حەزدەکەم هەرچی زووترە بەدیدارتان شادبمەوە. ئێمە لە نامەکەتاندا نوسیبوتان دوو مانگ تا دوو مانگ و نیوی تر، بۆمانەوە تەشریف دێنن بۆ لەندەن! من هەر کە ئەم هەواڵەم خوێندەوە لە خۆشحاڵیدا دەستمکرد بە گریان، وەکو ئەوەی دنیایان پێدابم، بەڵام هەموو رۆژێك خولەك دەژمێرم کە ئەو رۆژە بگات. ئێستا من لەگەڵ سامان گیان و هیلن دەژیم، بەڵام هەستدەکەم کە تەنیام، لەبەرئەوەی هەرگیز ناتوانم بوونی دایگی گوڵ و نازدارم لەبیربکەم و ئەم مەسەلەیە بۆمن زۆر ئازار بەخش و کوشندەیەو هەمیشە بیردەکەمەوە لە

ژیان دواکەوتووومـ، لەبەرئەوەی ئازیزترین کەسم لەدەستداوە، لەگەڵ ئەوەی کە چارەیەکم نییە جگە لە کۆشش بۆ سەرکەوتنی خۆم و بەس!
ئیتر هەروەکو لە نامەکەتاندا نوسیبوتان ژیان کۆکراوەی هەمان ئەو تاڵیانەیەو تەمەنی ئادەمیزاد سەراپای بە گیروگرفت و ناخۆشیدا تێدەپەڕێت، من قسەکەتان بە تەواوی پەسەند دەکەم. من لەماوەی ئەو دوو مانگەی کە لێرەم زمانم زۆر باشترە، ئەگەر هەڵە نەکەم دەتوانم قسە بکەم، بەڵام درەنگ تێدەگەم. ئێستا کە خەریکم ئەم نامەیەتان بۆ دەنوسم لە پۆلی وانەخوێندنم و مامۆستا خەریکی وانەوتنەوەیە، بەڵام بەداخەوە تەواوی هزرو یادم بۆ ئایندەمە کە چی دەبێت بۆئەوەی کە ژیانم قڵپ بۆتەوە و نازانم ئەرکم چییە، بەهەرحاڵ چاوەڕێی هاتنتانم و دەزانم کاتێ رووبەڕووتان ببمەوە باشتر دەتوانم قسەکانم بکەم. ئومێدەوارم دەرکت بە قسەکانم کردبێت، ئیتر هیچم نییە کە بینوسم و خودا حافیزیت لێدەکەم. لە زمانی منەوە زۆر سەلام لە ئایدا گیان بکە. ئەگەر دەتوانن یەکێك لە کتێبە تازەکانم بۆ بنێرە....
زۆر سوپاست دەکەم
قوربانتان بم

ساقی

1-مێژووی مۆری زەرفی نامەکە (8) مارسی (1978)ە.

**دووشەممە 24 نیسانی 1978**

**باوکی ئازیزم، سڵاو**

ئومێدەوارم کە حاڵتان باش بێت. ماوەیەکی زۆرە کە لە حاڵی یەکتری بێ خەبەربووین، بەرێکەوت ئەمشەو لەگەڵ ئاغای... پەیوەندیم کرد، چونکە بیرمکردەوە تا ئێستا بێگومان هەواڵی هاتنتان بۆ لەندەن دەبیستم، چونکە نزیکەی دوو مانگ لەمەوپێش نوسیبوت بەنیازی هاتنیت و ئێمەش چاوەڕێی هەواڵتان بووین تا ئەوەی ئەمشەو پەیوەندیم بە ئاغای... کردو وتی ئێوە چاوەڕێی ئامادەکردنی دۆخی ماڵەکەن. بەهەرحاڵ هاتنتان ئێمە زۆر خۆشحاڵ دەکات و بێ ئارامانە چاوەڕێی دیداری ئێوەم.

ئەگەر لە حاڵمان دەپرسن- خراپ نین. بۆ چەند رۆژێك لە رۆژانی پشوەکانی جەژنی پاکدا پێکەوە چووین بۆ لەندەن و باقی پشوەکانی لە شاری خۆمان بووین. پۆلۆتەکنیك لە دووشەممەی رابـردووەوە دووبارە کرایەوە و ئێستا زۆر سەرقاڵم، چونکە تاقیکردنەوەکان تا چەند هەفتەیەکی تر دەستپێدەکەن و دەبێـت بەهەموو وانەکانمدا بچمەوە. ساقیش حاڵی باشە و هێشتا سەرقاڵی فێربوونی زمانی ئینگلیزییەکەیەتی. خۆشبەختانە بڕێك پێشکەوتووەو بە هاوکاری یەکدی

هەوڵدەدەین مرۆڤێکی سەربەخۆی لێ دروستبکەین و لە دوای ماوەیەك بتوانێت بۆخۆی بەتەنیا ژیانێکی سەربەخۆ بۆخۆی ڕێکبخات. هەڵبەتە ئەگەر لەڕووی دارایشەوە دابین بێت، کە یارمەتییەکی گەورەیە. دواهەمین نامە کە لە سیاوەشەوە بۆم هاتووە، نوسیویەتی کاروبارەکان بەباشی بەڕێوە دەچن و تەنیا کارە ئیداری و سەرەتاییەکانی نزیکەی سێ مانگ دەخایەنێت تا تەواو ببێت و ڕێسایەکی جێگیریش بۆ ساقی لەبەرچاو بگیرێت. ڕاستییەکەی خەیاڵم وایە ساقی بۆ ماوەیەك لای خۆم بهێڵمەوەو شێوازی ژیانی ئێرە یان باشتر بڵێم دابونەریتی ژیانکردن پێکەوە یەکلابکەینەوەو دوای ئەوەی کە هەستمکرد ساقی دەتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێ، شوێنێکی بۆ پەیدا بکەم و ژیانی سەربەخۆی بۆخۆی هەبێت. هەڵبەتە دەزانم کارێکی سادە نییەو هەروا زوو ئەنجام نادرێت. گەلێك مەسەلە هەیە کە دەبێت ساقی خۆی لەگەڵیاندا ڕابهێنێت و زۆر شت هەیە، کە پێویستە فێریان بێت. یەکێك لە دژوارترین مەسەلەکان، مەسەلەی متمانە بەخۆکردنی ساقییە. بەداخەوە، چونکە هەمیشە بڕیاری بۆ دەدرا و تەنانەت بۆ خۆیشی دەرفەتی بیرکردنەوەو چارەسەرکردنی مەسەلەکانی نەبوو. نەك تەنیا بوێری ڕووبەڕووبوونەوەی بە مەسەلەیەك نییە، بەڵکو هەوڵدەدات خۆیشی لە پێدانی لە هەر جۆرە ڕێگە چارەیەك ببەخشێ و بکشێتە دواوەو تەنیا لەبەرامبەر مەسەلەکاندا هەست ناسك دەبێت.

هەڵبەتە تاکە شتێك  من لە دەستم بێت ئەمەیە، کە هەوڵدەدەم خۆی بڕیاری خۆی بدات و من تەنیا بیروڕای خۆم بڵێم. هەڵبەتە دەزانم ئەرکێکی گەورەم لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام بەو پێشکەوتنەی کە ساقی هەیەتی بەباشی دەرۆستی دێم. ئەگەر ئێوەش هاتن، کە بۆخۆی دڵخۆشییەکی گەورەیە، هەڵبەتە دەزانم کە بڕیاری کۆتایی بۆ هاتن بۆ بەریتانیا کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی، کە ئێوە لەوێ تاڕادەیەك بەقەولە بەناوبانگەکە، جێگیربوون و ژیانتان دامەزراوەو گواستنەوەو جێگۆڕکێ کارێکی سانا نییە. هەڵبەتە ژیانی خۆتانەو هەر بڕیارێك بدەن پەیوەستە بەوەوە، بەڵام ئەگەر نیازی هاتنتان بۆ ئێرە هەیە، خۆت دەزانیت هەر یارمەتیەك  لەدەستم بێت بۆ ئاسودەیی خەیاڵتان ئەنجامیدەدەم، چونکە نازانی، کە بوونی ئێوە چەندە دەبێتە مایەی ئاسودەییمان.

باشە، باوکە ئیتر درەنگەو دەبێت بەیانی زوو لەخەو هەڵستم. لەباتی من ئایدا باشەکەم ماچ بکەو پێی بڵێ بێ ئارامانە تامەزرۆی دیداری ئەوین. من زوو لە بڕیارەکەتان ئاگاداربکەنەوە.

هاوڕێت

سامان

**پێنج شەممە 24 ئابی 1978**

**بابەو ئایدا و ساقی گیانی ئازیزم**

سێشەمە بە خۆشبەختییەکی زۆرەوە توانیمان شەمەندەفەر لەکاتی خۆیدا بگرین و بەرەو باشوری فەڕەنسا بەڕێبکەوین. بەدرێژایی شەو بەڕێگاوەبووین و بەیانی چوارشەممە گەیشتینە مارسی. بە پاس چووین بۆ یەکێك لە کەناراوەکانی باشوری فەڕەنسا و دووبارە بەخۆشبەختییەکی زۆرەوە توانیمان شوێنێك پەیدا بکەین، کە خێوەتەکەمان هەڵبدەین. رێك لەسەر کەنار دەریاکە. چوارشەممە یان پێنج شەممە دەگەڕێینەوە.

قوربانی هەمووتان بم

سامان

**ئایدا گیان سڵاو.**[1]

تەندروستیتان چۆنە. ئێمە ئێستا لە باشوری فەڕەنسا و لای خوشکەکەی (هیلن)ین. کەشوهەوا تاڕادەیەك گەرمەو هەستدەکەم بەم زووانە بچین بۆ دەریا. باشە ئایدا گیان ئاگاتان لە خۆتان بێت و ئومێدەوارم بە زوویی بتانبینم؟

قوربانتانبم

ساقی

---

1-مێژووی ئەم کارتە رەنگە هاوینی (1979) بێت.

**ئایداکەم، سڵاو**

لە دوای 15 سەعات شۆفێری، سەرەنجام بە مەبەست گەیشتین. ئەو خانوەی کە بە کرێمان گرتبوو، لەسەر بەرزی گردێکی ناوچەیەکی دارستاناوییە کە لەوێوە دەتوانرێـت هەموو گوندەکە ببینرێت. جێگەتان زۆر خاڵییە. ئەگەر لێرە بوونایە زۆرتان پێخۆش دەبوو. شوێنێکی زۆر جوانە. نزیکەی دوو سەعات لە دەریاوە دوورە. ئەمڕۆ کەشەکەی کەمێك هەوراوییە، بەڵام بە ئەندازەی پێویست گەرمە. بە ئەدرەسەکەی ئاغای پاشایی کارتێك بۆ باوکم دەنێرم.

قوربانتان بم

سامان

**بابە و ئایدای ئازیزم[1].**

سەرەنجام بڕیارماندا من و هیلن بۆ دیدەنی سیروس بێین بۆ ئیتالیا. چەند ڕۆژێکە پێکەوەین و بەدیداری یەکدی زۆر خۆشحاڵین. حاڵی زۆر باشەو بە کەیفە. ناونیشانەکەی گۆڕیوە. ئومێدەوارم حاڵی ئێوەش باش بێت. ئەگەر توانیتان کارتێکم بۆ بنێرن و لەبارەی دۆخ و گوزەرانتانەوە بۆم بنوسن. کاتێك گەڕامەوە تەلەفۆن بۆ سیاوەش دەکەم. هیلن چاوتان ماچ دەکات.

قوربانتان بم

سامان

---

1-مێژووی سەر مۆری کارتەکە (27) تشرینی دووەمی (1981)ە.

**بابە و ئایدای ئازیزم[1].**

چاوتان ماچ دەکەم. ماوەیەکە لە یەکتری بێ خەبەرین. ئێمە بۆ دوو هەفتەی پشووەکان بۆ باشوری خۆرئاوای بەریتانیا هاتووین. حاڵمان باش باشەو (سیروس[2]) ی چکۆلە وەکو خەڵوزی رەشی لێهاتووە. دواهەواڵی سیروس کە بیزانم، چووبوو بۆ فەڕەنسا، چونکە ئیقامەکەی لە ئیتاڵیا تەواو بوبوو. ساقیش حاڵی باشەو بەردەوام پەیوەندیمان هەیە.

هێشتا لە کارگەی پێشوو سەرقاڵی کارکردنم و هیلن هەوڵدەدات لە ماڵەوە هەندێك جل و بەرگ دیزاین بکات. هەوای ئێرە زۆر فەرقی کردووەو هاوینی ئەمساڵ گەرمترین هاوین بووە بۆ 320 ساڵی رابردوو. بۆ چەند رۆژێکی دیکە بەرەو ماڵەوە بەڕێدەکەوینەوە. نامەیەکتان بۆ دەنوسم و چەند وێنەیەك دەنێرم. هیلن چاوتان ماچ دەکات. لەبارەی حاڵ و گوزەرانتانەوە بۆم بنوسن.

قوربانی هەمووتانین

سامان، هیلن و سیروس

---

1-مێژووی کارتەکە 15ی ئابی (1983)ە.

2- سیروس ناوی یەکەم کوڕی سامان و هیلن.

**دووشەممە 20 تەمموزی 1998**

**باوکە ئازیزەکەم و ئایدا باشەکەم.**

سڵاو. بۆ هەفتەی پشووەکان لەگەڵ منداڵەکاندا هاتوینەتە دوورگەی ((منورکا)) لە ئیسپانیا. چەندینجار لە بەریتانیاوە تەلەفۆنم کرد، بەڵام تەلەفۆنەکەتان بەردەست نەبوو. ئومێدەوارم حاڵتان باش بێت و ئایدای پاڵەوان بەهێزو سەلامەت بێت. ئێمە هەموومان دوو هەفتەیە لەبەر خۆرەتاوین، چونکە هەتاو لە بەریتانیا نییەو کەشوهەوا هەمیشە باراناوییە. مناڵەکان هەموویان چاوتان ماچ دەکەن و هەوڵدەدەم لە بەریتانیاوە تەلەفۆنێکت بۆ بکەم. دڵم بۆت تەنگ بووە. چاوت ماچ دەکەم. سڵاو بە براکانم بگەیەنە.

قوربانتان بم

سامان و سیروس، رۆبن و ئولیۆر[1]

---

1-ناوی سێ کوڕەکەی سامان و هیلن.